


www.fb.com/PDFkurd

# دەنگی پێی ئاو

# و

# ماچێک بەتامی خۆڵەمێش

like on Facebook

www.fb.com/PDF kurd

گوڵچنی شیعر

وەرگێڕانی: توانا ئەمین

هەموو کتێبە نوێیەکان تەنها لە پەیجی کتێبی
PDF لە فەیسبووک

لایکی پەیجەکەمان بکەو نوێترین کتێب بێ
بەرامبەر داونلۆد بکەن

له بڵاوكراوەكانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان

**سەرپەرشتیاری زنجیرەی كتێب: بەختیار سەعید**

- ناوی كتێب: دەنگی پێی ئاو و ماچێك بە تامی خۆڵەمێش
- بابەت: شیعر
- وەرگێڕانی: توانا ئەمین
- دیزاینی بەرگ و ناوەوە: وەرگێڕ
- تیراژ : ( ٥٠٠ ) دانە
- چاپ : یەكەم (2014)
- نرخ: (٧٥٠٠) دینار

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان ژمارەی (١٨٤٠)ی ساڵی ٢٠١٤ پێ دراوە.

ناونیشانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان:
سلێمانی- كاسۆمۆڵ- بەرانبەر مزگەوتی گەورە- نهۆمی ٤

لەسەر ئەركی (د.تەها ڕەسوڵ) چاپ كراوە.

www.fb.com/PDFkurd

# دەنگی پێی ئاو و
# ماچێك بەتامی خۆڵەمێش

ئەم وەرگێڕانە بۆ:

**لازۆ..**

بۆ دڵپاکییەکانی.. بۆ دڵڕەقییەکانی..!

# دەنگی پێی ئاو

شیعری: سوهراب سپهری

خەڵکی کاشانم
ڕۆژگارم خەراپ نییە
تیکە نانێکم هەیە،
وردە هۆشێك،
سەرە دەرزییەك مەیل..
دایکێکم هەیە؛
نیان تر لە گەڵای درەخت
دۆستانێك؛
باشتر لە ئاوی ڕەوان..

من؛
دەستنوێژ بە ترپەی پەنجەرەکان هەڵدەگرم
لە نوێژمدا؛
مانگ ڕەوانە،
شەبەنگ دەڕوات..
لەو دیو نوێژمەوە؛
بەرد دیارە..
هەموو نوونی* نوێژم بووە بە بلور

*نوون: ذرە، زەڕڕە.

من کاتێك نوێژ دەکەم؛
بـا؛
بانگەکەی لەسەر منارەی سەرووەوە** فەرموو بێ
من نوێژم
لە دوای "تکبیرە الاحرام"***ی ئاڵفەوە دەکەم
دوای "قدقامت"****ی شەپۆل

---

**سەروو: مەبەست لە (درەختی سەروو)وە.

***تکبیـرەا لاحـرام: بەرزکـردنەوەی دەسـت بـۆ ئاسـتی گـوێچکە و نییەت هێنانی نوێژ.و

کەعبەم لە کەنار ئاو
کەعبەم لە ژێر ئەقاقیاکاندایە*
کەعبەم وەك نەسیم،
باخ بە باخ دەڕوات،
دەڕوات شار بە شار..

---

****قدقامت: قامەتکردن، وتنی چەند دێڕێک، لای موسوڵمانەکان پێش دابەستنی نوێژی، بەتایبەت لە نوێژی جەماعەتدا.و

*ئەقاقیا: یان ئەکاکیا، درەختیکی جوانی گوڵ سپی یان ئەرخەوانییە، کە گوڵەکانی لە شێوەی هیشووی دروست دەکات، لە بنەڕەتدا ناوەکە یونانییە Acacia.و

"حجر الاسود"** ی من ڕۆشنیی باخچەیە
خەڵکی کاشانم
پیشەم نیگارکێشانە: جارجاریّ؛ قەفەسێك
دروست دەکەم لە ڕەنگ، دەیفرۆشم بە ئێوە..
تا بە ئاوازی گوڵاڵەسوورەیەك کە تێیدا بەندە
دڵی تەنیایتان تازەبێتەوە..
چ خەیاڵێکە، چ خەیاڵێك،... دەزانم
خامم* بیّ گیانە
باش دەزانم حەوزی نیگاری من؛
بیّ ماسییە..

---

** حجر الاسود: بەردە ڕەشەکە، بەردێکی ڕەشی پیرۆزە لای مسولمانەکان، لەکاتی تەوافی کەعبەدا، ماچی دەکەن، بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی کۆپنهاگن، ئەو بەردە لە جێگایەکی ترەوە براوە بۆ ئەویّ و لە ڕاستیشدا، لە دەرەوەی زەوییەوە هاتووە!و

* خام: مەبەست لێی پەردە یان ئەو پارچە قوماشەیە کە نیگارکێشەکان لەبەرانبەر خۆیاندا دایدەنێن و تابلۆکەی لەسەر دەکێشن.و

خەڵکی کاشانم
ڕەچەڵەکم لەوانەیە بچێتەوە سەر؛
گیایەك لە هیندستان،
سەر؛
گڵێنەیەك لە خاکی "سیلەك"*..
ڕەچەڵەکم ڕەنگە؛
بە سۆزانییەکی شاری بوخارا* بگاتەوە..

---

*سیلەک: ناوی یەکەمین شارستانێتی ئێرانییە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٥٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا، شوێنی ئەم شارستانییەتە دەکەوێتە دووری سێ کیلۆمەتر لە باشوری ڕۆژئاوای شاری (کاشان)، کاشانیش؛ شوێنی لە دایکبوونی سوهرابە. و

*بوخارا: یەکێکە لە شارە دێرینەکانی ڕۆژهەڵات، لە کۆندا مەڵبەندی زانین بووە و هەمیشە ناوەکەی لەگەڵ شاری دەستەخۆشکیدا (سەمەرقەند) پێکەوە دێن. بوخارا دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئۆزبەگستانی ئێستاوە .و

باوکم؛
پاش دووجار گەڕانەوەی پەڕەسێلکەکان،
دوای دوو بەفر
دوای دوو سەرخەوشکاندن لە هەیوان
باوکم؛ لەو دیو زەمەنەوە مردووە..
باوکم کاتێ مرد؛
ئاسمان شین بوو..
دایکم بێ ئاگا لە خەو ڕاچڵەکی،
خوشکم شەنگ بووەوە..
باوکم کاتێ مرد؛
پاسەوانەکان هەموویان شاعیربوون..

کابرای بەقاڵ لێی پرسیم:

چەند مەن* کاڵەکت دەوێ؟

من لێم پرسی:

دڵی خۆش سیری* بە چەندە؟

---

*مەن: یەکەیەکی کێشانەیە، بەرانبەرە بە ٣ کیلۆگرام.و

*سیر: یەکەیەکی کێشانەیە، بەرانبەرە بە ٧٥ گرام. و

باوكم نیگاری دەكێشا

سازیشی دروست دەكرد، سازیشی دەژەنی

خەتێكی خۆشیشی هەبوو..

باخی ئێمە؛
لای سێبەری داناییەوە بوو..
باخی ئێمە؛
جێژوانی پێکەوە گرێدانی هەست و گیا
باخی ئێمە؛
خاڵی بەیەك گەیشتنی نیگا و قەفەس و ئاوێنە بوو..
باخی ئێمە؛
ڕەنگبێ کەوانێك لە بازنەی سەوزی خۆشبەختی
بووبێ..

میوەی کاڵی خودام،
ئەو ڕۆژانە؛ لە خەونمدا دەجوو..
ئاوم بەبێ فەلسەفە دەخواردەوە
تووم بەبێ زانست دەتەکاند..

تا هەنارێك شەقی دەبرد،
دەست دەبووە فوارەی تکا
تا کڵاوکوڕەیەك دەیخوێند،
سینە لە تاسەی بیستندا دەسووتا
کە جارجارەش تەنیایی؛
ڕوخساری بەودیو پەنجەرەکەوە دەنووساند
شەوق دەهات، دەستی دەئاڵاندە گەردنی هەست
ئەندێشە؛ گەمەی دەکرد..

ژیان شتێ بوو؛
وەك بارینێکی جەژن، چنارێکی پڕ ڕێشۆڵە
ژیان ئەو دەمە؛
ڕیزێك لە نوور و بووکەشوشە بوو..
باوەشێك ئازادی بوو..
ژیان ئەو سەردەمە؛
حەوزێ مۆسیقا بوو..

منداڵێ؛
بە پێدزە،
هێواش هێواش،
دوورکەوتەوە لە گەڕەکی پووشکەبەقوونەکان..
من باری خۆم لێکنا،
لە شاری خەیاڵاتەوە ڕۆیشتم،
دڵم؛ لە تاو غوربەتی پووشکەبەقوونەکان پڕ..

من چوومە میوانیی دونیا:
من بۆ دەشتی خەم،
من بۆ باخی عیرفان،
من بۆ هەیوانی چراخانی زانست چووم
بە پلەی مەزهەبدا چوومە سەرێ
تا ئەوسەری کوچەی گومان..
تا هەوای فێنکی هیچ نەویستن
تا شەوی تەڕی موحیبەت، ڕۆیشتم..

من بۆ دیداری کەسێ ڕۆیشتم لەو سەری عەشق
ڕۆیشتم، ڕۆیشتم تــا ژن
تا چرای لەززەت..
تا بێ دەنگیی تکا
تا شەقەی باڵی تەنیایی..

شتگەلێکم دی لەسەر زەوی:
منداڵێکم دی؛
مانگی بۆن دەکرد
قەفەسێکی بێ دەرگام دی؛
ڕۆشنایی لەناویا باڵەفرەی دەکرد..
پەیژەیەك؛
کە عەشق پیایدا سەر دەکەوتە سەربانی مەلەکوت

www.fb.com/PDFkurd

من ژنێکم دی؛
نووری لە دەسکەواندا دەکوتی..
فراوین*؛
لەسەر سفرەکەیان نان هەبوو،
سەوزە هەبوو،
دەورییەك شەونم،
قاپی گەرمی خۆشەویستی هەبوو..

*فراوین: نانی نیوەڕۆ. و

من گەدایەکم دی؛
دەرگا بەدەرگا دەگەڕا و
نەغمەی کلاونەی* سواڵ دەکرد..
کەنناسێك؛
نوێژی بۆ توێکڵە کاڵەکێ دەخوێند..

*کـــلاونە: باڵنـــدەیەکی بچکـــۆلەیەی خۆشـــخوانە کەمێـــک لە چۆلەکەپاسـاری گەورەتـرە و شـێوەی قـاوەییە و تـاجێکی جـوانی لە شێوەی کڵاو بەسەرەوەیە.

بەرخێکم دی؛
کۆلارەی دەجوو
من وڵاخێکم دی؛
لە وێنجە تێ دەگەیشت
لە کۆزی "نەسیحەت" دا؛
گایەکم دی، تێر..

شاعیرێکم دی؛
لە ساتی پەیڤیندا،
بە گوڵە سەوسەنی دەگوت: "جەنابتان"

من کتێبێکم دی؛
سەراپای واژەکانی لە ڕەگەزی بلوور

کاغەزێکم دی؛
لە ڕەگەزی بەهار
مۆزەخانەیەکم دی؛
دوور لە سەوزایی
مزگەوتێك؛
دوور لە ئاو
لە سەر سەرینی فەقێیەکی نائومێد؛
گۆزەیەکم دی
لێوڕێژ لە پرسیار..

ئێستریێکم دی؛
بارەکەی "ئینشا"
وشتریێکم دی؛
بارەکەی سەبەتەی بەتاڵی "پەند و ئەمسال"
عارفێکم دی؛
بارەکەی: "تنها یاهوو"..

من شەمەندەفەرێکم دی؛
ڕۆشنایی دەبرد
من شەمەندەفەرێکم دی؛
فیقهی دەبرد و چەندە قورس دەڕۆیشت..
من شەمەندەفەرێکم دی؛
سیاسەتی دەبرد و (چەند خاڵیی دەڕۆیشت)
من شەمەندەفەرێکم دی؛
تۆوی نیلۆفەر و ئاوازی کەناریی دەبرد..

فڕۆکەیەکیش؛
کە لەو بەرزایی هەزاران پێیەوە
خاك لە شوشەکەیەوە دیار بوو:
پۆپنەی پەپووسلێمانەکە،
خاڵەکانی باڵی پەپوولە،
وێنەی بۆقێك لە حەوزدا،
تێپەڕینی مێشێك بە کوچەی تەنیاییدا،
تکای ڕوونی چۆلەکەیەك؛
وەختێك لەسەر چنارێکەوە دەفڕێتە سەر زەوی و
باڵغبوونی خۆر
باوەش پیاکردنی جوانی بووکەشووشە بە سپێدەیا..

پلیکانەگەلێک؛
بۆ گوڵخانەی شەهوەت دەچوون
پلیکانەگەلێک؛
بۆ ژێرزەمینی ئەلکول دەچوون
پلیکانەگەلێک؛
بۆ قانونی سیسبوونی گوڵی سوور و
تێگەیشتنی ماتماتیکی ژیان..
پلیکانەگەلێک؛
بۆ سەربانی ئیشراق
پلیکانەگەلێک؛
بۆ سەکۆی تەجەللا دەچوون..

دایکم لەو خوارە؛
پیاڵەکانی لە یادەوەریی ڕووباردا دەشوشت..

شار دیار بوو:
بەرزاییی هەندەسییانەی کۆنکریت،
ئاسن،
بەرد،
ساپیتەی بێ کۆتری سەدان ئوتوبووس..

گوڵفرۆشێك؛
گوڵەكانی خۆی هەڕاج دەكرد
لە نێوان دوو داریاسەمیندا؛
شاعیرێك جۆلانەی هەڵدەخست
كورێژكەیەك؛
بەردی دەگرتە دیواری قوتابخانە..

مندالێ؛
ناوکە قەیسیی تف دەکردەوە
سەر بەرماڵی بێ ڕەنگی باوکی
بزنێکیش؛
لە "خەزەر"ی* نەخشەی جوگرافیادا ئاوی دەخواردەوە..

---

*خەزەر: یـان قەزویـن نـاوی گەورەتـرین دەریـای جیهـانە، کە کەوتـۆتە نێـوان هەر پێـنج وڵاتـی؛ ڕوسـیا، ئێـران، ئازەربایجـان، تورکمانسـتان، کازاخستانەوە.

تەنافێکی جلهەڵواسین دیار بوو؛
ستیانێکی بێ سرەوت..

پێچکەی پەیتونێك؛*
لە حەسرەت دۆشدامانی ئەسپ..
ئەسپ؛
لە حەسرەت خەوتنی پەیتونچی..
کابرای پەیتونچی؛
لە حەسرەتی مەرگ..

*پەیتون: گالیسکە، یایلی، تریشقە، گاری. و

عەشق دیاربوو، شەپۆل دیار بوو
بەفر دیار بوو، دۆستایەتی دیار بوو
وشە دیار بوو
ئاو دیار بوو؛
وێنەی شتەکان لە ئاودا..
نسێی فێنکی خڕۆکە؛
لە گەرمی خوێندا..

لای شێداریی ژیان؛
خۆرهەڵاتی کۆڤانی کانگای مرۆڤایەتی
وەرزی وێڵگەردی؛
بە کۆڵانی ژندا
بۆنی تەنیایی؛
لە کۆڵانی وەرزدا..

بەدەستی هاوینەوە؛
باوەشێنێك دیار بوو..

گەشتی تۆو بەرەو گۆڵ
گەشتی لاولاو لەمماڵەوەوە بۆ ئەوماڵ
گەشتی مانگ ڕووەو حەوز..

هەڵقوڵینی گوڵەپایزێ* لە عەرد
ڕژانی خەڵفی مێو بە دیواردا
بارینی شەونم بەسەر پردی خەودا
بازدانی شادی لە خەندەقی مەرگەوە..
تێپەڕینی کارەسات لەودیو قسەوە

*گوڵەپایزێ: یان گوڵی حەسرەت، گوڵێکی سپی و وەنەشەیییە، پایزان سەر دەردەهێنێت. و

شەڕی کڵاوڕۆژنە؛
لەگەڵ پاڕانەوەی ڕووناکیی..
شەڕی پلیکانەیەك؛
لەگەڵ پێی بەرزی خۆر..
شەڕی تەنیایی؛
لەگەڵ ئاوازێ..
شەڕی جوانیی هەرمێکان؛
لەگەڵ بەتاڵایی زەمبیلەیەکا..

شەڕی خوێناوی هەنار و ددان
شەڕی "نازیی"ەکان؛
لەگەڵ لقێ نازناز..
شەڕی تووتی و ڕەوانبێژیی لەگەڵیەك
شەڕی نێوچەوان؛
لەگەڵ ساردیی بەردەمۆر..

هێرشی کاشیی مزگەوت؛
بۆ سەر سوژدە..
هێرشی بـــا؛
بۆ سەر بەرزبوونەوەی بڵقی سابوون..
هێرشی سوپای پەپوولە؛
بۆ بەرنامەی "قەڵاچۆکردنی ئافات"
هێرشی دەستەیەك پووشکەبەقوونە؛
بۆ راڤی* کرێکارانی دانانی بۆریی..
هێرشی تابووری ڕەشی قەڵەمقامیش؛
بۆسەر پیتە قورقوشمیەکان
هێرشی وشە؛
بۆ چەناگەی شاعیر..

---

*راڤ؛ صەف، ڕێز. و

فەتحی سەدەیەك؛
بە دەستی شیعرێك..
فەتحی باخێك؛
بە دەستی ڕیشۆڵەیەك..
فەتحی کۆڵانێك؛
بە دەستی دوو سڵاو..
فەتحی شارێك؛
بە دەستی سێ چوار ئەسپسواری دارینە
فەتحی جەژنێك؛
بە دەستی دوو بووکەشوشە و تۆپێك..

کوژرانی شەقشەقەیە؛
لە سەر دۆشەکی عەسران..
کوژرانی چیرۆکێک؛
لە سەر سیلەی کۆڵانی خەو..
کوژرانی خەمێک؛
بە فەرمانی سروود..
کوژرانی تریفەی مانگ؛
بە ئەمری نیۆن..
کوژرانی داربییەک؛
بە دەستی "دەوڵەت"..
کوژرانی شاعیرێکی غەمگین؛
بە دەستی گوڵە بەفرینەیەک..

هەموو ڕووی زەوی دیار بوو:

نەزم؛

بە کۆڵانی گریکلاندا دەڕۆیشت..

پەپوو؛

لە "باخچە هەڵواسراوەکان"* دا دەیخوێند..

---

*باخچە هەڵواسراوەکان: باخی دیاری پاشای بابلییەکان (نەبوخەزنەسر)ـە بۆ (سیمرامیس)ی هاوسەری لە ٥٦٢-٦٠٥ پ.ز دروست کراوە و یەکێکە لە حەوت شتە سەرسوڕهێنەرەکەی جیهان. بەرزایی ئەم باخە ١٠٠م بووە و شوێنەوارەکەی دەکەوێتە نزیک شاری حللە ئێستاوە لە ناوەڕاستی عێراق.و

بـا؛

لە "ملەی خەیبەر".** ەوە،

باقەیەك پوشوپەڵاشی مێژووی

ڕووەو خۆرهەڵات دەماڵی..

---

**ملەی خەیبەر: ڕێگایەکەی سنووری نێوان پاکستان و ئەفغانستانی ئێستایە و پێشووتر ڕێی داگیرکردنی هند بووە و لە ئەسکەندەری مەکدۆنییەوە تا سوڵتان محمدی غەزنەوی و تەیموری لەنگ و نادرشاش، سوپای خۆیان بەم ڕێگایەدا بردووە بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور.

بە سەر دەریاچەی ئارامی "نگین"*دا؛
قایغێ گوڵی دەبرد
لە "بەنارەس"؛**
لە سەری هەر کۆڵانێکا؛
چرایەکی هەمیشەیی، ڕۆشن بوو..!

---

* دەریاچەی نگین: کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی چیای (زەبرون) لە ویلایەتی کشمیر و یەکێک لە شوێنە گەشتیارییەکانی ناوچەکەیە. ئەم دەریاچەیە درێژییەکەی ٦٣کم و چواردەوەی بە بی و سنوبەر ڕازوەتەوە.

** بەنارس: شارێکی مێژوویە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی لە هیندستان، ئەم شارە لای هیندۆسەکان پیرۆزیی تایبەتی خۆی هەیە.

خەڵکانم دی
شارانم دی..
دەشتان و کێوانم دی
ئاوم دی، خاکم دی..
ڕووناکیی و تاریکییم دی
گیاکانم لە ڕووناکیی و
گیاکانم لە تاریکییدا دی
گیانەوەرم لە ڕووناکیی و
گیانەوەرم لە تاریکییدا دی
بونیامم لە ڕووناکیی و
بونیامم لە تاریکییدا دی..

خەڵکی کاشانم، بەڵام
شاری من کاشان نیە
شاری من ون بووە..
من بە هەدادان،
بە پەلەپڕوسکێ
ماڵێکم لەودیوی تری شەووە چێ کرد..

من لەمماڵەدا؛
لە گومناویی شێداری گیاوە نزیکم..
من؛
دەنگی هەناسەی باخچە دەژنەفم..
دەنگی تاریکییش؛
وەختێ لە گەڵایەکەوە دەوەرێ..
دەنگی کۆکەی ڕووناکییش؛
لەودیو دارێ..

پژمینی ئاو؛
لە درزی هەر بەردێکدا..
جیکەجیکی پەڕەسێلکە؛
لە ساپیتەی بەهار..
دەنگی زوڵاڵی
کردنەوە و داخستنی پەنجەرەی تەنیاییش..

دەنگی پاکی

داماڵینی کاژی نهێنی عەشق..

کەڵەکەبوونی

تاسەی فڕین لە باڵدا..

قڵیشانی

خۆپارێزی ڕۆح..

من؛
دەنگی پێی تکا دەژنەفم و
دەنگی پێی یاسای خوێن
لە دەمارا..
ترپەی سپێدەی
چاڵی کۆترەکان
دڵە کوتێی شەوی هەینی..

ڕۆیشتنی گوڵەمێخەك
بە ئەندێشەدا..
حیلەی ڕوونی حەقیقەت؛
لە دوور..
من دەنگی وژەی مادە
دەبیستم..
دەنگی پێڵاوی ئیمان؛
لە کۆڵانی ئارەزودا..
دەنگی باران؛
لە سەر پێڵوی تەڕی عەشق
لە سەر مۆسیقای خەمناکی باڵغبوون
لە سەر ئاوازی هەنارستانەکان..

دەنگی شکانی شووشەی شادی لە شەودا
قڕاش قڕاش* بوونی کاغەزی جوانیی
پڕ و خاڵیبوونەوەی کاسەی غوربەت لە بادا

---

*قڕاش قڕاش: لەتوپەتبوون، دەنگی کاغەز لەکاتی دڕان و پارچەپارچە بووندا.

من؛
له دەستپێکی زەوییەوە نزیکم..
ترپەی دڵی گوڵەکان دەگرم..
ئاشنام بە چارەنوسی تەڕی ئاو
بە ڕاهاتنی سەوزی درەخت..

ڕۆحی من؛
بەرەو لای تازەیی شتەکان بەڕێوەیە..
ڕۆحی من؛
گەنجە..
ڕۆحی من؛
جاری وا هەیە لە خۆشیان،
کۆکە دەیگرێ..

ڕۆحی من؛
بێ ئیشە:
دڵۆپی باران و
درزی خشتەکان
دەژمێرێ..
ڕۆحی من؛
جاری وایە هەیە؛
وەك بەردێکی سەرەڕێ
حەقیقەتی هەیە..

من نەم بینی؛
دوو سنەوبەر
دوژمنی یەك بن..
من نەم بینی؛
بییەك
سێبەرەکەی خۆی بفرۆشێ بە زەوی..
نارەوەن؛
بە خۆڕایی لقی خۆی
دەبەخشێتە قەلەڕەش..

له هەر جێیەك گەڵایەك هەبێ؛
حەزی من لەوێ. دەپشکوێ..
پنجی خەشخاش
له لالافی* بووندا شۆردومییەوە..

هەموو کتێبە نوێیەکان تەنها لە پەیجی کتێبی
PDF لە فەیسبووک

لایکی پەیجەکەمان بکەو نوێترین کتێب بێ
بەرامبەر داونلۆد بکەن

*لالاف: سێڵاو، لافاو.

وەك باڵی مێروو؛
قورسایی کازیوە دەزانم..
مینا گوڵدانێك؛
گوێ بۆ مۆسیقای نیا* ڕا دەدێرم..
بەوێنەی زەمبیلەی پڕ لە میوە؛
(تـا)ی بەرزی گەیینم هەیە..
وەك مەیخانەیەك؛
لە سەر سنووری سستییدام..
وەك كۆشكێكی كەنار دەریا؛
نیگەرانم بە كشانی بەرزی ئەبەدیی..

---

*نیا: پەروان.

تا بخوازی؛ خۆر..
تا بخوازی؛ پەیوەندی..
تا بخوازی؛ فرەبوون..

من؛
بە سێوێك دڵخۆشم و
بە بۆنکردنی پنچە گوڵەبەیبوونێ..
من؛
بە ئاوێنەیەك،
بەیەك دۆستایەتی خاوێن ڕازی دەبم..

من پێناکەنم گەر؛
میزەڵانێك بتەقێ..
پێناکەنم گەر؛
فەلسەفەیەك؛
مانگ بکات بە دوو لەتەوە..
من؛
شەقەی باڵی کوڵەفڕە دەناسمەوە..
ڕەنگی ژێر سنگی تودەرە، *
جێ پێی بزنە کێویی..

---

*تـودەرە: چەشـنە باڵنـدەیەکی گەورەی جـوانە، ڕەنگـی خۆڵەمیشـییە و پەڵەی ڕەشــی تێــدایە، بەزۆری لە بیابــان، یــان دەشــتە وشــکەکاندا دەژی.

باش دەزانم؛
ڕێواس لە کوێ دەڕوێ،
ڕیشۆڵە کەی دێ،
کەو کەی دەخوێنێ،
باز کەی دەمرێ و
مانگ لە خەونی بیاباندا چییە..
مەرگ لە چڵی تکادا و
توترکی چێژ،
لە ژێر ددانی پێکەوە نووستندا..

ژیان؛
خدێیەکی* خۆشە!
ژیان؛
پەڕوباڵێکی هەیە
بە فراوانیی مەرگ
بازێکی هەیە
بە ئەندازەی عەشق
ژیان؛
شتێك نیە،
لەسەر لێواری تاقی ڕاهاتن
لە یادی من و تۆ بچێێتەوە..

---

*خدێ: رسم، عادەت، عورف.

ژیان؛
ڕاکێشانی دەستێکە کە دەچنێ..
ژیان؛
نۆبەرەی هەنجیرەڕەشەیە،
لە زاری تورتی هاویندا..
ژیان؛
دووری درەختە،
بە چاوی مێروو..

ژیان؛
ئەزموونی شەمشەمەکوێرەیە،
لە تاریکییا..
ژیان؛
هەستی غەریبییە،
کە باڵندەیەکی کۆچەریی هەیەتی..

ژیان؛
فیقەی شەمەنەفەرێکە
کە لە خەونی پردێکدا پێچ دەکاتەوە..
ژیان؛
بینینی باخچەیەکە
لە شوشەی داخراوی فڕۆکەیەکەوە..
هەواڵی ڕۆیشتنی موشەکە
بۆ بۆشایی..
دەست لێدانی
تەنیایی "مانگ"ە..
خەیاڵی بۆنکردنی گوڵێکە
لە ئەستێرەیەکی دی..!

ژیان؛
شتتی دەفرێکە..
ژیان؛
دۆزینەوەی سکەیەکی دە فلسییە
لە جۆگەی شەقامدا..

www.fb.com/PDFkurd

ژیان؛
"ڕەگی دووجا"ی ئاوێنەیە..
ژیان؛
گوڵ بە" توان"ی ئەبەدیەتە..
ژیان؛
"لێکدان"ی زەوییە
بە لێدانی دڵی ئێمە..
ژیان؛
"هەندەسە"ی سادە و
یەکسانی هەناسەکانە..

له هەرجێیەك بم،
هەم..
ئاسمان
هی منە..
پەنجەرە،
ئەندێشە،
هەوا،
عەشق،
زەوی هی منە..
جا کەی گرنگە
گەر جاروباری؛
هەڵتۆقێ قارچکەکانی غوربەت..؟

من نازانم بۆ دەڵێن:
ئەسپ حەیوانێکی نەجیبە،
کۆتر جوانە..!
بۆچی لە قەفەسی کەسدا؛
سیسارکەکەچەڵە نییە؟
گوڵەکێویلە؛
چی کەمترە لە گوڵاڵەسوورە؟

چاوەکان دەبێ بشۆین و
جۆرێکی تر دەبێ ببینین..
پەیڤەکان دەبێ بشۆین؛
پەیڤ دەبێ خۆی بـا ،
پەیڤ دەبێ خۆی باران بێ..

دەبێت چەترەکان داخەین و
بەژێر باراندا بڕۆین..
ئەندێشە،
یادەوەری،
دەبێ بیانبەینە ژێر باران..
لەگەڵ هەموو خەڵکی شار؛
دەبێ بە ژێر باراندا بڕۆین..

دەبێ لەژێر باراندا؛

دۆست ببینین..

دەبێ لە ژێر باراندا؛

لە عەشق بگەڕێین..

دەبێ لە ژێرباراندا؛

لەگەڵ ژن بنوین..

دەبێ لە ژێر باراندا؛

یاریی بکەین..

دەبێ لە ژێر باراندا؛

شت بنووسین،

قسە بکەین،

نیلۆفەر بڕوێنین..

ژیان؛
تەڕبوونی سەرتاپایە..
ژیان؛
خۆنوقوم کردنە لە گۆلی "ئێستا"یا..

جلەکانمان دابکەنین:
ئاو،
هەنگاوێکە..

دەم بکەینەوە؛ ئەگەر مانگ هەڵهات..
نەڵێین شەو شتێکی خراپە و
نەڵێین گوڵئەستێرە لە بینینی باخ بێ خەبەرە..

هەموو کتێبە نوێیەکان تەنها لە پەیجی کتێبی PDF لە فەیسبووک

لایکی پەیجەکەمان بکەو نوێترین کتێب بێ بەرامبەر داونلۆد بکەن

زەمیلەیەك بهێنین و
بیبەین؛
ئەم هەموو سوورە،
ئەم هەموو سەوزە..

بەیانیان نانەحاجیلە بخۆین و
نەمامێك بڕوێنین؛
لە پێچی هەر قسەیەکا..
بچێنین؛
لە نێوان دوو قسەی خەراپدا
تۆوی بێ دەنگیی..

نەیخوێنینەوە؛
کتێبێك با تیایدا هەڵناکات..
کتێبێك؛
پێستی شەونمی تەڕ نیە..
کتێبێك؛
خانەکان تیایدا بێ ڕەهەندن..

نەخوازین؛
مێش لەسەر پەنجەی سروشت هەڵفڕێ..
نەخوازین؛
پڵنگ لە دەرگای خەلیقەتەوە بڕواتە دەر..
بزانین؛
ئەگەر کرم نەبا ، ژیان شتێکی کەم دەبوو..
ئەگەریش "خونج"* نەبایە؛
یاسای درەخت زیانی پێ دەگەیی..

---

* خونج: کرمێکی سەوزە لە شێوەی هەزارپێ، ژمارەیەک پێی نۆر و قەڵەوی هەیە، لەسەر درەخت دەژی، دەڵێن کە سودمەندە بۆ خواردنی مشەخۆرەکانی درەختەکە و بەمەش خزمەت بە درەخت دەکات. و

گەر مەرگ نەبا؛
دەستی ئێمە بەدووای شتێکدا دەگەڕا..
بشزانین؛
ئەگەر ڕووناکی نەبا،
لۆژیکی زیندووی فڕین دەگۆڕا..
بزانین؛
بەر لە مەرجان،
بۆشاییەك لە خەیاڵی دەریاکاندا هەبووە..

نەپرسین؛
ئێمە لە کوێین؟
بۆن؛
بە پاتۆنیای تازەی نەخۆشخانەوە بکەین..

نەپرسین؛
فوارەی بەخت لە کوێیە..
نەپرسین؛
دڵی حەقیقەت بۆ شینە..
نەشپرسین؛
باوانی چ نەسیمێك،
چۆن شەوێکیان هەبووە؟

لە ڕابردوودا؛
بۆشایی زیندوو نییە
لە ڕابردوودا؛
باڵندە ناخوێنێ..

لە ڕابردوودا؛
بـا نایەت..
لە ڕابردوودا؛
پەنجەرەی سەوزی سنەوبەر داخراوە..
لە ڕابردوودا؛
فڕفڕۆکەکان تۆزیان لێ نیشتووە..
لە ڕابردوودا؛
ماندوێتی؛ مێژووە..
لە ڕابردوودا؛
یادەوەریی شەپۆل،
بەسەر کەناری سەدەفی ساردوسڕا دەڕژێ..

بڕۆینە کەنار دەریا
تۆڕ لە ئاو بهاوێین و
تەڕیی لە ئاوا بگرین..
دەنکە زیخێ؛
لە عەرد هەڵگرینەوە..
هەست بە قورسایی
بوون بکەین..

قسەی ناخۆش بە تریفە نەڵێین؛
ئەگەر تـامان لێهات..
(بینیومە جاروبار لە تـادا؛
مانگ هاتۆتە خوارێ،
دەست؛
گەیشتووە بە کەشکەڵانی فەلەك..

بینیومە فنس*
زولاڵتر خوێندویێتی..
کە جاروبار قاچم برینداربووە؛
بە بەرزونزمی زەوی فێرکردووم..
جاروبار لە پێخەفی نەخۆشیمدا؛
قەبارەی گوڵ،
چەند بەرانبەر بووە
گەورەتر بووە قەبارەی نارنج،
ڕووناکی چرا..)

* فنس: باڵندەیەکی بچوکەلەیە، وەک بولبول و کەناری دەنگخۆشە.

لە مەرگ نەترسین..

(مەرگ؛

کۆتایی کۆتر نییە..

مەرگ؛

ئەودیوی سیسرك نیە..

مەرگ؛

لە زەینی ئەقاقیەکاندا ڕەوانە..

مەرگ؛

لە ئاو و هەوای خۆشدا خەیاڵی سازگارە..

مەرگ؛

لە شەوی لادێدا،

لەبارەی سپێدەوە قسە دەکات..

مەرگ؛
لەگەڵ هێشوی ترێدا دێتە زارمانەوە..
مەرگ؛
لە قوڕگی "گەرووەسوور"دا دەخوێنێ..
مەرگ؛
بەرپرسیاری جوانیی باڵی پەروانەیە..
مەرگ؛
جاری وا هەیە ڕەیحانە دەچنێ..
مەرگ؛
جاری وا هەیە ڤۆدگا دەخواتەوە..

مەرگ جاری وا هەیە؛
لە سێبەردا دادەنیشێ و تەماشامان دەکات و
ئێمە هەموومان دەزانین:
کە سێیەکانی چێژ
پڕن لە ئۆکسجینی مەرگ..)

دەرگا دانەخەین
لەسەر قسەی زیندووی چارەنووس
کە لەودیو پەرژینی دەنگەوە دەیبیستین..

پەردە لادەین:
لێ گەڕێین؛
هەست هەوایەك هەڵمژێ..
لێ گەڕێین؛
گەورەبوون،
لە ژێر هەر پنجێك حەز دەكا،
دەوار هەڵدا..
لێ گەڕێین؛
غەریزە یاریی بكات..
پێڵاوەكانی داكەنێ و
بە شوێن وەرزەكاندا
بە سەر گوڵەكاندا باز بدا..

لێ گەڕێین؛
تەنیایی، گورانی بڵێت..
شت بنووسێ..
بچێتە سەرجادە..

ساده بین..
ساده بین چ له بەردەم پەنجەرەی بانکێکا،
چ لەژێر سێبەری درەختێکا..

ئیشی ئێمە نییە؛
زانینی "ڕاز"ی گوڵی سوور..

ڕەنگە
ئیشی ئێمە ئەوە بێ؛
لە "ئەفسوون"ی گوڵی سووردا
خۆنوقوم بکەین..
لەودیو داناییەوە؛
هەوار هەڵدەین..

دەستمان بەجەزبەی گەڵایەك بشۆین و
بچینە سەر سفرە..
سپێدان کاتێ خۆر هەڵدێ؛
لەدایك بین..
دڵەکوتێکان هەڵفڕێنین..

بەسەر درکپێکردنی بۆشایی،
ڕەنگ،
دەنگ،
پەنجەرەدا،
نم بپرژێنین..
ئاسمان؛
بخەینە نێوان دوو بڕگەی "بوون"ەوە
سییەکان؛
لە ئەبەدیەت، پڕ و خاڵیی کەینەوە..
باری زانست؛
لە پشتی پەرەسێلکەکان،
داگرینە سەر عەرد..

ناو؛
لە هەور،
لە چنار،
لە مێشوولە،
لە هاوین، بستێنییەوە..
بە سەر پێی تەڕی باراندا،
ڕووەو بەرزایی موحیبەت بڕۆین..

www.fb.com/PDFkurd

دەرگا؛
بە ڕووی
ئینسان و
ڕووناکی و
مێروودا، بخەینە سەرپشت..

ئیشی ئێمە ڕەنگە ئەمە بێ؛
کە لە نێوان گوڵی نیلۆفەر و سەدە دا
بە شوێن گۆرانی حەقیقەتدا ڕابکەین..

کاشان- گوندی چنار

هاوینی ١٩٦٤

# گەشتیار

## شیعری: سوهراب سپهری

خۆرئاوابوون؛
لە ئامادەیی شەکەتی شتەکاندا
نیگایەکی چاوەڕوان، تەباری کاتی ئەبینی و
لەسەر مێزیش؛
ژاوەژاوی نۆبەرەی چەند میوەیەك
ڕووەو نادیاری ئاگایی مەرگ دەڕۆیی.

بــاش
بۆنی باخچەکەی
بەسەر فەرشی ئاسودەیی
داوێنی خزی ژیاندا
دەهێنا و دەبرد..

مینا باوەشێن،
هۆشیش؛
ڕووی ڕۆشنی گوڵی
بەدەستەوە گرتبوو،
باوەشێنی خۆی پێ دەکرد..

گەشتیار لە پاس دابەزی:
"چ ئاسمانێکی ساماڵە"! و
درێژایی شەقامی غوربەت؛
ئەوی لەگەڵ خۆی بردی..

خۆرنشین بوو؛
دەنگی هۆشی گیاکان
دەهاتە گوێ
گەشتیار هاتبوو،
لەسەر کورسیەکی ڕەحەت
لە قەراغ چیمەنەکە
دانیشتبوو:

"دڵم تەنگە،
دڵم هێجگار تەنگە..
بەدرێژایی ڕێگا؛
بیرم لە شتێك دەكردەوە و
ڕەنگی پێدەشتەكان؛
هۆشیان لەسەردا نەدەهێشتم..

هێڵەکانی جادەکەش
لە خەمی دەشتەکاندا ون دەبوون
چ دەربەندگەلێکی سەیر!
ئەسپەکەت بیرە؛
سپێدە بوو،
هەروەکو واژەی پاکیی،
لە بێدەنگیی سەوزیی مێرگدا دەلەوەڕا..

ئەوجا؛
غوربەتی ڕەنگینی
گوندەکانی سەرەڕێ و
ئەوجا؛
تونێلەکان..
دڵم تەنگە
دڵم هێجگار تەنگە..

هیچ شتێك؛
نە ئەم چرکە بۆنخۆشانەی
کە بەسەر لقی نارنجەوە بێدەنگن و
نەش ئەم ڕاستگۆییە سەرزارییەی
لە بێدەنگیی نێوان
دوو گەڵای ئەم گوڵە شەوبۆیەدا..
نـا، هیچ شتێك،
من لە هێرشی خاڵیی دەوروبەر
ڕزگار ناکا..

هەستیش دەکەم؛
ئەم ئاوازە کێشدارەی پەژارە
هەتا ئەبەد
دەبیسترێت"

نیگای پیاوی گەشتیار
کەوتە سەر مێز:
"چەند جوانن ئەم سێوانە!
ژیان نەشئەی تەنیاییە"

خاوەنماڵ پرسیی:
- جوان یانی چی؟
- جوان؛ یانی دەربڕینی
عاشقانەی شێوەکان و
عەشق، تەنها عەشق
تۆ بە گەرمی
سێوێ ئاشنا ئەکا..

عەشق، تەنها عەشق
منی گەیاندە
پانتایی خەمی ژیانەکان..
منی گەیاندە ئەوەی؛
بتوانم ببمە مەلێك..
ئەی مەرهەمی خەمان..؟
دەنگی پەتیی
ئیکسیری دێ ئەم نۆشە..

ئێستا شەو داهات بوو،
چرا ڕۆشن بوو،
چایان دەخواردەوە..

- بۆچی دڵت تەنگە،
ئەڵێی تەنیای..؟
- زۆر تەنیا..!
- وا بزانم
تووشی ڕەگی نادیاری ڕەنگەکان بوویت..

- تووشبوون یانی؛

- عاشق.

- بیربکەرەوە؛

چ تەنیاییەکە

گەر ماسییەکی چکۆلە،

تووشی

دەریایەکی بێ سنوور ببێ..

- چ خەیاڵێکی ناسک و خەمناکە!

- خەمیش؛
بزەی شاراوەی نیگای گیایە
خەمیش؛
بۆ ڕەتکردنەوەی
یەکێتی شتەکان..

- خۆزگە بە گیایەکان؛
کە عاشقی ڕووناکین و
دەستی والآی ڕووناکیش
لەسەر شانیانە..

- نا..
پێکگەیشتن مەحاڵە،
هەمیشە مەودایەك هەیە
گەرچی چەماوەیی ئاو؛
سەرینێکی باشە
بۆ خەوی دڵگیر و
تەڕی نیلۆفەر..

هەمیشە مەودایەك هەیە..

دەبێ تووش بی
دەنا سرتەی سەرسامیی
نێوان دوو قسە
حەرام دەبێ..!

عەشقیش؛
گەشتە
بە ڕۆشنایی لەرینەوەی
خەڵوەتی شتەکاندا
عەشقیش
دەنگی مەوداکانە..

دەنگی ئەو مەودایانەی؛
- کە نوقمی تێنەگەیشتن.
- نـا..
دەنگی ئەو مەودایانەی
کە وەك زیو بێگەردن و
بە بیستنی "هیچ"ێك
ڕەش هەڵئەگەڕێن.

عاشق هەمیشە تەنیایە و
دەستی عاشق
لەنێو دەستی ناسکی
چرکەکاندایە..

ئەو و چرکەکان؛
دەچنە ئەوبەری ڕۆژ.
ئەو و چرکەکان؛
لەسەر نوور دەخەون.
ئەو و چرکەکان؛
باشترین کتێبی دونیا
بەئاو دەبەخشن و
چاك دەزانن؛
کە هیچ ماسییەك
هەرگیز
هەزار و یەك گرێی
ڕووباری نەکردۆتەوە.

نیوەشەوانیش؛
بە بەلەمی کۆنینەی ئیشراق
لە ئاوی هیدایەتدا ڕێ دەکەن و
تا تەجەللای سەرسامی
دەچنە پێشێ..

- هەوای قسەی تۆ
بونیام
بۆ تەلانی
باخی حیکایەتەکان دەبا..
لە دەمارەکانی
ئەم نەوایەدایە؛
چ خوێنێکی
تازەی خەمگین هەیە..!

حەوشەکە؛
ڕووناک بوو
بـا دەهات و
خوێنی شەویش؛
لە بێدەنگیی دوو پیاو
دەڕۆیی..

ژوور؛
خەڵوەتگەی پاکییە
بۆ بیرکردنەوە
دوورییەکانی چەند
سادەن..
دڵم هێجگار تەنگە
نیازی نووستنم نییە"

چووە لای پەنجەرەکەوە و
لەسەر کورسی قوماشە نەرمەکە
دانیشت:
"هێشتا هەر لە گەشتدام؛
هەست ئەکەم
لە ئاوەکانی جیهاندا؛
بەلەمێك هەیە و
من؛
سەرنشینی ئەو بەلەمەم و
هەزاران ساڵە
سروودی زیندووی
دەریاوانە کۆنەکان

بەگوێی
کڵاوڕۆژنەی وەرزەکاندا
دەخوێنم و
بەرەو پێشەوە دەئاژوێم..
گەشت؛
بۆ کوێم دەبا..؟

لە کوێ؛
شوێنپێیەك؛
نیوەناچڵ دەمێنێتەوە و
قەیتانی پێڵاو
بە پەنجە نەرمەکانی
ئارام بوونەوە، دەکرێتەوە..؟

مەنزڵگا کوێیە؛
ڕاخستنی فەرشێك و
بە ئاسوودەی دانیشتن و
گوێگرتن لە دەنگی
شوردنی قاپێ
لە ژێر بەلووعەیەکی نزیك..؟

کام بەهار درەنگ دەکات و
ڕووی ڕۆح
پڕ ئەبێ لەگەڵای سەوز..؟

ئەبێ شەراب بخۆینەوە و
بە گەنجێتیی
سێبەردا بڕۆین
هەر ئەوەندە..!

ڕێی ژیان لە کوێیە..؟
من؛
لە چ لایەکەوە
دەگەمە پەپووسلێمانکە؟
گوێ بگرە؛
ئەم قسەیە بوو،
لە تەواوی گەشتدا
هەمیشە
پەنجەرەی خەونمی
دەدایەیەکدا.

بەدرێژایی ڕێگاکە؛
چی بە گوێتدا
دەیخوێند؟
باش بیربکەرەوە؛
ناوکی پەنهانیی
ئەم نەوا پڕ نهێنییە
لە کوێیە..؟

چ شتێکە؛
پێڵوو دەگوشێت..؟
چ قورساییەکی گەرمی دڵڕفێنە..؟

گەشتێکی درێژ نەبوو:
کۆچی پەڕەسێلکە؛
لە قەبارەی کاتی
کەم دەکردەوە..
لە مشتومڕی
نێوان (با) و (لەوح)ەکانیشدا
ئاماژەکان
دەگەڕانەوە
بۆ سەرەتای هۆش..

لەو دەقەیەدا
کە لە بەرزایی هاوینەوە
دەتڕوانیە (جاجرود)* ی خرۆشاو،
کە ڕیشۆڵەکان؛
خەونی سەوزی تۆیان
درویێنە دەکرد،
چی ڕووی دا..؟

* جاجرود: ناوی ڕوبارێکە لە ۳۰ کیلۆمەتری باکوری تاران، کە لە باکوری ڕۆژئاواوە بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات سەربەرەوخوار دەڕوات.

وەرزیش؛
وەرزی درەو بوو
بە نیشتنەوەی ڕیشۆڵەیەك
لەسەر لقی سەرووویەك
كتێبی وەرز
هەڵدرایەوە و
دێڕی یەكەمی ئەمە بوو:
ژیان، غەفڵەتی ڕەنگینی دەقیقەیەكی (حەوا)یە

تەماشات دەکرد:
لە نێوان گا و چەمەندا؛
زەینی بـــا لرفەی دەهات..

تەماشای یادگاریی
شاتووت
لەسەر پێستی وەرز ئەکرد...

ئامادەیی سەزی ڕەنگاڵەیەك؛
لە نێوان سێپەڕەکاندا
ڕووشانی ڕوخساری هەستی
سارێژ ئەکرد..

تەماشاکە؛
هەمیشە
ڕووشانێك هەیە
لە ڕوخساری هەستدا..
هەمیشە شتێك؛
وەك هوشیاریی خەو،
بە هێواشی هەنگاوی مەرگ
لە دواوە پێمان دەگات و
دەست دەخاتە سەرشانمان..

ئێمەش؛
گەرمیی پەنجە ڕۆشنەکانی ئەو
بەتەنیشت ڕووداوەکانەوە
وەك ژەهرێکی خۆش
دەنۆشین..

(ڤینیسیا)ت بیره؟
سەرکەناڵە ئارامەکە؟
لە زایەڵەی مشتومڕی
نێوان ئاو و زەویدا
کە کات،
لەدوای ئاوێزەوە ئەبینرا؛
لەرینەوەی بەلەمەکە،
زەینی تۆی دەلەراندەوە:

تۆزی ڕاهاتن
هەمیشە
وا بەسەر
ڕێی ڕوانینەوە..

هەمیشە دەبێ
بەهەناسەی نوێوە
بڕۆین و
دەبێ فوو بکەین..
تـا؛
ڕوخساری
ئاڵتونیی مەرگ
پاك پاك ببێتەوە..

لەکوێیە بەردی (ڕونوس)؟*

من لە دراوسییەتی

درەختێکەوە دێم

* بەردی ڕنوس: گوایا ناوی بەردێکە هەرکەسێک، ئەنگوستیلەیەک لەدەست بکات، کە نقێمەکەی لەو بەردە بێت، تۆشی خەم و خەفەت نابێت. و

لەسەر تۆێکڵەکەی؛
دەستە سادەکانی غوربەت
یادگارییەکی جێ هێشتبوو:
"بۆ یادگاریی لە دڵتەنگیدا، دێڕێکم نووسی"

شەرابمان بدەنێ
دەبێ پەلە بکەین:

من؛

لە گەشتی داستانێکەوە

دێم و

وەك ئاو

هەموو داستانی

(سوهراب و نوشدارو)م**

لەبەرە.

---

** سوهراب و نوشدارو: ئاماژەیە بە بەشێکی شانامەی فیردەوسی بەناوی (سوهرابی کوڕی ڕۆستەم)، کە ڕەنگە لە کوردییەکەی خۆماندا بە (ڕۆستەم و زۆراب) ناسرابێت، کوڕو باوکێک، دوای ساڵەهای ساڵ لێکدابڕان، لە ئێران و توران لە ڕووداوێکدا ئاوقای یەک دەبن و باوکەکە کە ڕۆستەمی ناوە، سوهرابی کوڕی خۆی بە سەختی بریندار دەکات، پاشتر نیشانەی سەر سنگی دەبینێ و دەیناسێتەوە و دەزانێت کە کوڕەکەی خۆیەتی، دەنێرن تا (نوشدارو)ی بۆ بێت، کە مەرهەمێکی ئەفسانەییە بۆ زیندوو کردنەوەی مرۆڤ و لە کۆتاییدا نوشدارو ناگات و سوهراب ئێوە خۆش.و

سەفەر؛
منی بردە
بەردەرگای باخی چەند ساڵەییم و
وەستام؛
تا دڵم بسرەوێ،
دەنگی باڵەفڕێ هات و
کە دەرگا کرایەوە
لە تاو شاڵاوی حەقیقەت
کەوتم بە عەردا..

جارێکی تریش؛
لەژێر ئاسمانی
(مەزامیر)[*]دا
لەو گەشتەدا؛
کە لە کەنار
ڕوباری (بابل)[**]دا
هاتمەوە هۆش خۆم،
دەنگی عود نەدەهات

---

[*] مەزامیر: ناوی کتێبێکی ئاسمانییە کە (زەبور)یشی پێدەوترێت و کتێبی داود پێغەمبەرە. و

[**] ڕوباری بابل: ڕوبارێکە کە لە زنجیرە چیاکانی ئەلبورزی مازندەرانەوە سەرچاوە دەگرێت و بە ناو شاری بابل –یا بابول- دا دەڕوات و دەڕژێتە دەریای مازنندەرانەوە. بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەران؛ شاری بابل یەکێکە لە شارە قەرەباڵغەکانی پارێزگای مازندەران لە ئێران و جیایە لە پارێزگای (بابل)ی عێراق.

کە باش گوێم گرت؛
دەنگی گریان دەهات
چەند عودێکی بێ ئۆقرەش
بە لقە تەڕەکانی داربییەکەوە
دەلەرینەوە..

لە ڕێڕەوی گەشتەکەدا؛
ڕاهیبە بێگەردە مەسیحیەکان
ئاماژەیان
بۆ تابلۆی خامۆشی
(ئیرمیای پێغەمبەر)*** دەکرد

***ئیرمیای کوڕی حەلقیا: یەکێک لە پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیلە، کە ئەشکەنجەیەکی زۆری دیوە، بەلای جولەکەکانەوە ئێرمیا دووەم گەورەترین پێغەمبەری مێژووی مرۆڤایەتییە. و

منیش بەدەنگی بەرز
(کیتاب جامیعە)[****]م
دەخوێندەوە..

---

[****] کیتـــاب جـــامعە: ســـیفرێکە لە ســـیفرەکانی تەورات، لە بـــارەی سلێمانی کـوڕی داود_ـەوە نوسـراوە و بەشـێکی قـووڵی فەلسـەفییە لە تێڕامـــان و قســەکردن لەســـەر ئیمـــان و گومـــان، ئومێـــد و بـــێ ئومێـــدی، چێژ و ئازار، مانای ژیان و پوچی..... و

چەند جوتیارێکی لوبنانیش
لەژێر سەدرێکی***** پیردا
دانیشتبوون و
بەروبوومی درەختەکانی خۆیان
لەزەینی خۆیاندا
حیساب دەکرد..

---

***** سەدر: ناوی درختێکە کە بەسەدری لوبنانی ناسراوە و لەشێوەی سنەوبەردایە، بەڵام لەو هەم بەرز تر و هەم قایموقۆڵ تـرە و دەڵێن کە زیاتر لە سێ هەزار ساڵ دەژی. بۆ یادهێنانەوە، ئاڵای وڵاتی لوبنان وێنەی درەختی سەدری تێدایە. و

لە تەنیشت ڕێی گەشتەکەدا؛
منداڵانی نابینای عێراقی
تەماشای خەتی
لەوحەکەی
حامورابیان دەکرد..

لە گەشتەکەدا؛
چاوم بە ڕۆژنامەکانی جیهاندا
خشاند..
گەشتەکە دەڕۆیی و
بەژاومژاوی سەنعەت
سەر ڕووی ڕەش داگەڕابوو؛
بۆنی ڕۆنی لێ ئەهات...

لەسەر خاکی گەشت؛
شووشەی بەتاڵی مەی و
قڵیشانی غەریزە و
سێبەرەکانی دەرفەت
بەتەنیشت یەکەوە بوون.

لە میانی گەشتدا؛
لە سەرای سیلاوییەکانەوە
دەنگی کۆکە دەهات.

ژنە سۆزانییەکان؛
هێڵی ڕوونی جێتەکانیان*
لەئاسمانی شینی شاردا
تەماشا دەکرد..

منداڵان؛
بەدوا فڕفڕەکانیاندا ڕایاندەکرد و
کەناسەکانی سەرجادە؛
سروديان دەگوت.

---

* جێت: جۆرێک فڕۆکەیە .و

شاعیرە گەورەکانیش؛
نوێژیان
بۆ گەڵا کۆچەرییەکان دەکرد.

ڕێی دووری گەشت؛
بە نێوان ئادەمیزاد و ئاسن دا
ڕووەو گەوهەری پەنهانی ژیان
دەچوو..
بە غوربەتی تەڕی جۆگایەك،
بە بریسکەی خامۆشی پوولەکەیەك،
بە ئاشنایی ئاوازێك،
بە بێ سنووریی ڕەنگێك
تێکەڵ دەبوو..

گەشت؛
منی
بۆ عەردە ئیستیواییەکان برد و
لەژێر سێبەری
ئەو دار (بانیان)*ـە
سەوزە تێرە دا..
زۆر باش لەبیرمە؛
گوزارشتێك کە چووە کوێستانی زەینەوە:
"دڵفراوان بە و تەنیا و بێ فیز و شێلگیر.."

---

*بانیان: ناوی درەختێکی میلیی هیندییە لە شێوە هەنجیردا، بەڵام جوان و پێچپێچ و بەرز. دەڵێن کە بودا لەژێر ئەم درەختەدا بە نێرڤانا گەیشتووە. و

من؛
له هاودەمیی هەتاوەوە دێم
کوا سێبەر..؟
بەڵام هێشتا پێ؛
گێژی جیابوونەوەی بەهارە و
بۆنی چنین
له دەستی (بـا)وە
دێت..

هەستی بەرکەوتنیش؛
لەودیو تۆزی نارجەوە
لە حاڵی بێهۆشیدایە..

لەم کێشمەکێشە ڕەنگینەدا؛
کێ چووزانێت،
کە بەردی گۆشەگیریی من
لە کام خاڵی وەرزدایە؟

هێشتا دارستان؛
مەودا بێشومارەکانی خۆی
ناناسێ..
هێشتا گەڵا؛
وا بەسوار
یەکەم پیتی (با)وە..

هێشتا بونیام؛
شتێ بە ئاو دەڵێ..

لە ویژدانی چیمەندا؛
جۆگەی مشتومڕێك
دەڕوا و
بەسەر مەداری درەختەوە؛
دەنگدانەوەی شەقەی باڵی کۆتر،
لە کرداری بونیامدا؛
ئامادەبوویەکی نادیارە

هەراهەرا دێ و
من تاقە دوێنەری
پاکانی جیهانم.
ڕووبارەکانی جیهانیش
نهێنیی پاکی لەناوچوون؛
فێری من دەکەن
بە تەنها من...

منیش؛
ڕاڤەکاری چۆلەکەکانی
دەربەندی (گەنگ*)م و
گوارەی عیرفانی
(نیشانەی تبت)**م

---

* گەنگ: ڕووبارێکە لە دامێنی کێوەکانی هیمالایە لە باکوری هندستانەوە دێتە خوارێ بەرەو دورگەی بەنگال. ئەم ڕووبارە بە شاری پیرۆزی بەنارەس‌دا تێدەپەڕێت و لای هیندییەکان پیرۆزیی تایبەتی خۆی هەیە.

** نیشانەی تبت: کانزایەکی لولەکییە کە پیرۆزی تایبەتی لای بودییەکان هەیە و لە پەرستگاکاندا هەڵیدەواسن و بەدەست لێدانی ئارامییان بۆدێت.. ئەم نیشانەیە لە شێوەی بچووکتری وەک شەقشەقەشدا هەیە، کە ئەمیان لە دار دروست دەکرێت و دوو موروی پێوەیە، لە کاتی ڕاوەشاندنیدا دەنگێکی خۆشی هێمنی هەیە.

بۆ گوێی

بێ گوارەی کچانی (بەنارەس)***

لەقەراغ جادەی (سەرنات)****

ڕاڤە دەکرد..

---

***بەنارەس: شاری پیرۆزی هندییەکانە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی هیندستان لەسەر ڕووباری گەنگ، ئەم شارە ١٥٠٠ پەرستگای تێدایە، ساڵانە هەزارەها باوەڕداری ئەم ئاینە لەسەرانسەری جیهانەوە ڕوو لەوێ دەکەن و باوەڕێکیان هەیە؛ پێیان وایە هەرکەس لەو شارەدا بمرێت، ڕزگاری دەبێت لە دووبارە زیندوکردنەوە و ڕۆحگۆڕکێ (تناسخ)، کە پایەیەکی گەورەی بڕوای خۆیانە. و

****جادەی سەرنات: ناوچەیەکی گوندییە لە نزیک شاری بەنارەس، کە بودا دوای نێرڤانا، یەکەم وتاری لەوێ داوە.و

ئەی سروودی
سپێدەی (ڤیداکان)*
بیدە بە کۆڵمدا؛
هەرچی قورسایی
تەڕیی هەیە،
کە من
گیرۆدەی گەرمیی گوفتارم..

---

* ڤیدا: کتێبی پیرۆزی کۆنی ئاینی هیندۆیسمە بە زمانی سانسکریتی و مێژوویەکەی بۆ ١٠٠٠-١٥٠٠ پ.ز دەگەڕێتەوە، ئەم کتێبە زیاتر لە ١٠٠٠ سرودی ستایشە بۆ خوداوەند.

ئێوەش؛
ئەی درەختانی زەیتونی
خاکی فەلەستین..
سێبەری خۆتانم بدەنێ،
بەم گەشتیارە تەنیایەی
کە لە گەشتی دەوروبەری
(تووڕ)* ەوە دێت و
لە گەرمی (تەکلیم)** دا
هاتۆتە جۆش.

---

* تووڕ: کێوی تووڕە کە موسا لەوێ ڕووبەڕوو لەگەڵ خودادا قسەی کردووە.و

** تەکلیم: قسەکردنی ڕاستەوخۆی موسا لەگەڵ خودا لە کێوی تووڕ.و

بەڵام ڕۆژێك دێ؛
تەكلیم نامێنێ و
شارێی هەوا
شكۆی پەپوولەكانی
پەرتیی هەست
سپی دەكا..

بۆ ئەم خەمە بەکێشە؛
چەند شیعریان
گوتووە!

بەڵام هێشتا
کەسێك؛
لەژێر درەختدا
وەستاوە.

بەڵام هێشتا؛
ئەسپسوارێك،
لەودیو شوورای شارەوە
هەیە و
قورسایی خەونی خۆشی
فەتحی (قادسیە)*
وا بەسەر پێڵووی
تەڕیەوە.

* قادسیە: مەبەست لە جەنگی نێوان عەرەبەکان و فارسەکانە، بەسەرکردایەتی سەعدی کوڕی وەقاس و کیسراشا.

هێشتا؛
ئەسپە نەسرەوتەکانی
مەغۆل
لەخەڵوەتی کێڵگەکانی
وێنجەوە
دەحیلێنن..

هێشتا بازرگانی (یەزد)* ی
لەقەراغ (جادەی بەهارات)**
بە بەرامەی داوودەرمانی
هیند
لەهۆش خۆی دەچێت.

---

* یەزد: مەبەستی لە شاری یەزدە دەکەوێتە ناوەڕاستی بەشی باکوری ئێرانەوە، لە سەدەکانی ڕابردوودا، بە پیشەسازی و کاری دەستی و بازرگانی فراوان لەگەڵ ناوچە دوورەکانی دونیادا، بەناوبانگ بووە.

** جادەی بەهارات: ئەو ڕێگایەیە کە بەهارات و شتومەکی لە ئاسیای دوور و هندستانەوە پیادا دەهاتە ڕۆژهەڵات.

هێشتا لە قەراغ (هامون)***

گوێت لێ دەبێت کە؛

- خراپە هەموو زەوی تەنیوە

- هەزارساڵ تێپەڕی

- دەنگی کەوتنە ئاوێکەوە نەبیسترا و

وێنەی لەشولاری کیژۆڵەیەك

نەکەوتە

سەر ئاوەکەوە...

---

***هاموون: سێیەم گەورەترین دەریاچەی ئێرانە و دەڵێن کە زەردەشت پێغەمبەر لە کێوێکی نزیک ئەو دەریاچەیەوە دابەزیوەتە خوارەوە و پەیامی خۆشەویستی و ئاشتی بۆ جیهان هێناوە.

لە نیوەڕێی گەشتەکەمدا؛
لەسەر ڕۆخی (جەمونا)*
دانیشتبووم و
وێنەی (تاج مەحەل)م** لەئاودا
تەماشا دەکرد..

---

* جەمونا: یان بە هیندی یامونا، ڕووبارێکی پیرۆزی هیندییەکانە، کە لە باکوری هیندستانەوە سەرچاوە دەگرێ و دەڕژێتە ڕوباری گەنگەوە، ئەم ڕووبارە بەبەردەم کۆشکی (تاج مەحەل)دا تێدەپەڕێت. و

** تاج مەحەل: یەکێک لە کۆشکە ڕازاوە و بەناوبانگەکانی دونیایە، کەوتۆتە ویلایەتی ئوتار پرادێشی هیندستانەوە لە دووری ٢٠٠کم لە نیودلهی پایتەختەوە، ئەم کۆشکە لەسەر فەرمانی ئیمپراتۆرێکی مەغۆلی بەناوی (شاجهان) بە دیاری بۆ خێزانەکەی لە ساڵی ١٦٣٢ دروست کراوە. و

بەردەوامیی مەڕمەڕیانەی؛
ساتە ئیکسیرییەکان و
بەرەو پێشچوونی
قەوارەی ژیان
لە مەرگا.

تەماشا بکە؛
دوو باڵی گەورە
چۆن ڕووەو
قەراغی ڕۆحی ئاوەکە
لە گەشتدان..

پریشکی سەیرن
لەنزیك دەستەوە
وەرە و زوڵمەتی ئاگایی؛
بکە بە چراخان
تەنها ئاماژەیەك بەسە؛
ژیان؛
دەست کێشانێکی نەرمە
بە (تاشەبەردی مەگار)*دا..

---

*تاشەبەردی مەگار: مەگار ناوێ شارێکە لە ئەفسانەی یۆنانیدا و تاشەبەردێکی لێیە، کە ئەگەر پێیدا بکێشیت دەنگی لێدەبێتەوە، ئەمەش گوایا لەبەر ئەوەی ئەپۆلۆ جارێک لە جاران چەنگەکەی لەسەر ئەم شاخە داناوە. و

ساخێتیی سەروویەکیان
نیشانی مندا و
منیش؛
عیبادەتی هەستم
نیشانی پاسەوانی
ڕۆشنایی هەنوکە دا
لەکەناری "تال*" دانیشتم و
بەگەرمی
کەوتمە ورتەورت.

*تال: دەریایەکە لە کشمیر.و

دەبێ تێپەڕین و
ببینە.هاودەمی
ئاسۆ دوورەکان
جاربەجاریش؛
لە دەماری قسەیەکدا؛
دەوار هەڵبدەین.
دەبێ تێپەڕین و
جاربەجاریش؛
تووی سەرلقێك
بخۆین.

من بەتەنیشت غەزەلدا
ڕۆیشتم و
وەرزی بەرەکەت بوو.
لەژێر پێمدا:
ژمارەکانی لم
پێماڵ دەبوو..

ژنێك؛
گوێی لێ بوو،
هاتە بەردەم پەنجەرەوە و
ڕووانییە وەرز...

هەموو کتێبە نوێیەکان تەنها لە پەیجی کتێبی PDF لە فەیسبووک

لایکی پەیجەکەمان بکەو نوێترین کتێب بێ بەرامبەر داونلۆد بکەن

لەسەرەتای خۆیدا بوو.
دەستە سەرەتاییەکانی ئەو،
شەونمی ساتەکانی
بە نەرمی
لە سەر جەستەی
هەستی مەرگ
کۆدەکردەوە.

من ڕاوەستام،
خۆری غەزەلیش؛
بڵند بوو،
من ئاگاداری
بەهەڵمبوونی
خەونەکان بووم..
تریەکانی
گیایەکی سەیرم
لەسەر جەستەی هۆش
دەژمار..

وامان ئەزانی؛
بێ پەڕاوێزین..
وامان ئەزانی؛
لەنێو دەقە ئەفسانەییەکانی
گرژیی ڕێواسدا
مەلە ئەکەین و
چەند چرکەیەك
غەفڵەت؛
ئامادەیی
بوونی ئێمەیە.

لە سەرەتای
سامناکی گیاکاندا
بووین..
کە ژنەکە چاوی بە من کەوت؛
دەنگی پێی تۆ هات و
من وامزانی
بایە
بەسەر پەردە کۆنەکاندا
شنە دەکا.

من دەنگی پێی تۆم
هەر لەلای شتەکانەوە
هاتبووە گوێ:
- کوا جەژنی خەتەکان؟
- بڕوانە؛ شەپۆلدانەوە، هەڵکشانی جەستەی من..
- من لە کام لاوە دەگەمە ڕووکاری بەرز؟
- کشانم تـــا ڕووبەری تەڕی پەرداخ،
پڕ لە ڕووکاری تینوێتی بکە..

- کوا ژیان؛ هێندەی شکانی دەفرێك
ناسك دەبێتەوە و نهێنیی پێگەیشتنی
نانەحاجیلە
هاڵاوی دەمی ئەسپ
دەڕەوێنێتەوە؟

- لە کەڵەکەبوونی جوانی دەستەکاندا؛
ڕۆژێك؛ دەنگی ڕنینەوەی هێشوویەکمان
هاتە گوێ..

- له چ عەردێك بوو؛
كە لەسەر هیچ دانیشتین و
لە گەرمیی سێوێكدا؛
دەست و دەموچاومان ششت..؟

- پریشكی مەحاڵ لە وجود دەبووەوە.

- لەكوێ ترسی تەماشا،
نیان دەبێتەوە؛
نادیارتر
لە ڕێگای باڵندەیەك ڕووەو مەرگ؟

- لە گفتوگۆی گۆڤەندەکاندا؛ ڕێی سپیدار چەند ڕووناک بوو!

- کام ڕێگا؛ من بەرەو باخی مەوداکان دەبا..؟

دەبێ تێپەڕین؛
گڤەی بادێ و دەبێ بڕۆین..
منیش گەشتیارم، ئەی بـا
هەمیشەییەکان..
بمبەن؛
بۆ پانتایی
پێکهاتنی گەڵاکان
بمگەیەنن؛
بە منداڵیی سوێری
ئاوەکان..

پێڵاوەکانم؛
تـا
پێگەیشتنی ترێ..
پڕ بکەن؛
لە جوڵەی جوانیی
خاکیبوون..

ساتەکانم؛
تـا
کۆترە دووبارە بووەکان
لە ئاسمانی سپیی غەریزەدا
هەڵفڕێن..

ڕووداوی بوونم؛
لە تەنیشت درەختەوە،
بگۆڕنەوە،
بە پەیوەندییەکی
ونبووی پاك..!

لە هەناسەدانی تەنیایی دا؛
پەنجەرەکانی
هەستی من
بدەن بەیەکدا..

بمنێرن بەدوای
کۆلارەی ئەو ڕۆژەیا..

بمبەن؛
بۆ خەڵوەتی
مەوداکانی ژیان..

هەبوونی نەرمی
(هیچ)م
نیشان بدەن..!

بابول، بەهار ١٩٦٦

# ئـــاو

## شیعری: سوهراب سپهری

www.fb.com/PDFkurd

ئاو لێڵ نەکەین؛
ڕەنگە لە خوارێ کۆترێك ئاو بخواتەوە
یان لە بێشەیەکی دوورا؛
فنسێك پەڕی بشوا
یان لە ئاواییەکا؛
گۆزەیەکی لێ پڕ بکرێ

ئاو لێڵ نەکەین؛
ڕەنگە ئەم ئاوە ڕەوانە؛
بڕواتە ژێر چنارێ و خەمی دڵێك بڕەوێنێتەوە..
ڕەنگە دەستی دەروێشێك؛
نانێکی وشکی پێ تەڕکا..

ژنێکی شەنگ هاتە قەراغ چەمەکە
ئاو لێڵ نەکەین؛
سیمای جوانیی بووە بە دوو ئەوەندە..

چ خۆشە ئەم ئاوە..!
چ زولالە ئەم چەمە..!
خەڵکی ئەو سەرەوە چ بێگەردن!
کانییەکانیان بتەقێت، مانگاکانیان پڕ شیر بن!

من گوندەکەیانم نەدیوە،
بێگومان لە خوار پەرژینەکانیانەوە؛
شوێن پێی خوا دیارە..

تریفەی ئەوێ؛
تاریکایی پەیڤ ڕوون دەکاتەوە..
بێگومان لەو گوندەی سەرێ؛
دیوارەکان نزمن..
خەڵکەکەی دەزانن؛
گوڵاڵەسوورە چ گوڵێکە..

بێگومان لەوێ؛
شین؛
شینە..

که خونچەیەك شکۆفە دەکا؛
خەڵکی ئاوایی ئاگایان لێیەتی
ئەبێ چ گوندێك بێ؟!
ڕێی ناو باخانی پڕ مۆسیقا بێ!

خەڵکی سەر چەم؛
لە ئاو تێ دەگەن..
ئەها لێڵیان نەکردووە،
با ئێمەش؛
ئاوەکە لێڵی نەکەین..!

# ڕۆشنایی، من، گوڵ، ئاو

## شیعری: سوهراب سپهری

هەورێ نییە
بـایەك نییە..
دائەنیشم لە کەناری حەوزێ:
گەردوخولی ماسییەکان، ڕۆشنایی، من، گوڵ، ئاو
پاکیی هێشووەکانی ژیان..

دایکم ڕەیحانە دەچنێ
نان و ڕەیحان و پەنیر
ئاسمانی سامالّ..
پاتۆنیای تەڕ
ڕزگاریی نزیکە؛
لەناو گوڵەکانی حەوشەدایە..
نوور؛
لە کاسەی مسییندا چ لاوێنێ دەڕێژێ..!

پەیژە لەبان دیواری بەرزەوە
سپێدە دادەگرێتە سەر عەرد..
لەو دیو هەموو شتێکەوە
خەندەیەك پەنهانە..
کڵاورۆژنەیەکی تیایە دیواری زەمەن؛
لەوێوە ڕوخساری من دیارە..

شتەهایەك هەیە كە نازانم
ئەزانم؛
گیایەك هەڵكەنم دەمرم..!

سەردەکەوم تا ترۆپک؛
من؛ تەژی پەڕوباڵم..
لە زوڵمەتا ڕێگا دەبینم؛
من پڕ لە چرام..
پڕم لە نوور و زیخ
پڕم لە دار و درەخت..
پڕم لە ڕێ
لە پرد
لە شەپۆل..
پڕم لە سێبەری
گەڵای ژێر ئاو..
چ تەنیایە هەناوم..!

# دەستی چەپم!

هەڵبژاردەیەك لە شیعری: ئۆرهان وەلی

لە تورکییەوە بۆ فارسی: وریا مەزهەر

بەلاش دەژین.. بەلاش
هەوا بەلاشە، هەور بەلاش
شاخ و دۆڵ بەلاش
باران و گوڵ بەلاش..
ماشێن بینین بەلاشە
شانۆ بینین بەلاش..
نان و پەنیر نـا..!
ئاو بەلاشە..
ئازادی بە نرخی سەر و
کۆیلەیەتی بەلاشە
بەلاش
بەلاش دەژین.. بەلاش
***

سوپاس بۆ خودا
مرۆڤێکی کە هەیە، سوپاس بۆ خودا
لە ماڵەکەدا؛
هەناسەیەك..
دەنگی پێیەك هەیە
سوپاس بۆ خودا.. سوپاسی زۆر بۆ خودا..!

***

ئیش‌وکاری من ئەمەیە؛
هەموو بەیانییەك ئاسمان ڕەنگ بکەم..
کە ئێوە هەمووتان لەخەودان
بێدار دەبنەوە و دەبینن شینە..!
هەندێجار کە دەریا قاژ دەبێ
ئەزانی کێ دەیدروێتەوە؟
من دەیدرومەوە..!

جاری وا هەیە لاتەری خۆم دەخلافێنم..
ئەمەش ئیشی منە؛
وای دادەنێم؛ سەری تۆ سەرمە
وای دادەنێم؛ گەدەی تۆ گەدەمە
وای دادەنێم؛ پێی تۆ پێی خۆمە
نازانم بەتەمام چ هەڵەیەك بكەم..!

***

ڕێگەکان چەند جوان و
شەو چەند فێنک بێ
جەستە هەر ماندوو دەبێ..
کەچی
سەریەشە ماندوو نابێ..!
گەر ئێستا بشڕۆمەوە ماڵەوە
دەتوانم تۆزێکی تر بێمەوە دەرێ..
تا کاتێ ئەم جل و پێڵاوانە هی من بن و
تا کاتێ کۆڵان هی کەس نەبێت..!

***

تاسە شتێکە و

یادەوریی شتێکی تر

لە شارێکی خۆرنەدیودا

پێم بڵێ؛

چۆن دەکرێ بژیت..؟

چۆن..؟

***

خاڵەی باڵندەفرۆش؛
ئێمەش
هەم باڵندەمان هەیە
هەم درەخت..
تۆ تەنیا
یەک 'سەدی' هەور بدە..

***

هەردەم..
بەڵام بەتایبەتیی
ئەو کاتەی دەزانم خۆشت ناوێم؛
حەزدەکەم تۆ لە باوەشی دایکمدا ببینم و
تەماشات بکەم
وەکو ئەو خەڵکانەی تەماشایان دەکردم
لە منالّیمدا..

***

مەست بووم
بەڵام هەرچۆنێ بوو
تۆم هێنایەوە یادی خۆم؛
دەستی چەپم
دەستی بێ ئەزموونم
ئاه.. دەستی بەدبەختم..!

***

هەموو ڕۆژێ دەریا ئەوەندە جوانە؟
هەردەم وایە ئاسمان؟
هەمیشە هێندە دڵڕفینە..
ئەم شتانە،
ئەم پەنجەرەیە؟
نــا..
بەو خودایە نــا
فریوێ.. شتێکی تیایە ئەمە..!

***

# هەمنشینی ئاو

شیعری: نیلۆفەر

## گازندە

وتت "شتەکانت کۆبکەرەوە و برۆ"
وەرە ناو ژانتای خاڵیمەوە
ئەمەوێ برۆم..!

***

## لەدایکبوون

ئەوەی کە دێت "با"یە
یەك یەك مۆمەکانی لە دایکبونم خامۆش دەکا
باڵق دەبم..
لە تەڵاشی داردا، گوڵ-یش دەخۆم
لە باوەشتدا دەنیشێمە سەر عارەق
چاوت بڕیوەتە بنمیچەکە و
من
یەك.. یەك
بەرد دەخۆم
تا خەو ئەمباتەوە..

***

## ئیتر باش نیم

دەموچاوم جەراعەت دەکات
لێ ئەگەڕێم "با" قژم ببا
یەخەی بلوزەکەم قەت داناخەم و
لەم چۆڵەوانییە هەمیشەییەی؛
لە دیوارەکانی دڵمەوە سەردەکا
سیگارێك پێشکەش بە تۆ دەکەم..
جەستەم دەفرۆشم و
دەرسی شەیتانیش دادەدەم
ئەمەوێ ئیتر باش نەبم..

***

# کەسێك کە نییە

مەگەر لە سێبەر بێ ڕەنگتریش هەیە؟
من بوونێکی فیزیایم نییە
تەنها چاوانت لێکنێ و
تا سێ بژمێرە
من
ون
بوو.........م

***

## بیر لە کۆتایی دەکەمەوە

ئای..!
ئەم چرکانە ڕاگرە
ئێستا کۆتایی چیرۆکەکە دەزانم..

***

## لێکۆڵینەوە

سەر تـــا پـا
دەست بەجەستەی مندا دەخشێنی؛
بەهەموو بەرزاییەکانما..
جەستەم لە هاوار خاڵییە
کەسێك بێت دووبارە "قیژاندن"م فێرکاتەوە..

***

## مانگی جارێك

لەگەڵم قسەبکە
حەزدەکەی جوێنم پێ بدە
دوایی پێکەوە دەگرین!
نازانم بۆ مانگی یەکجار
ئەوەندە بێ سرەوت دەبم...!

***

# لە ئیمانێکی پارچە پارچە، چی دەمێنێتەوە

دانیشتووم بە تەنیا؛
بیر لە ئیمانێک دەکەمەوە کە
پارچە.. پارچە
دەبێ و خەیاڵم دەڕوا
ئەمەوێ خەیاڵم بڕوا
بۆ
چۆڵەوانییەك
چۆڵەوانییەك؛
کە تۆی..!

***

## کۆکردنەوە

وەك سەرەتای پایزم
خەڵك كە بەلاما دەڕۆن
دەنگی
خشەخشی
گەڵا دەبیستن..
ئیستا وەرە؛
وشكترین گەڵاكانی دونیا
لە مندا كۆكەرەوە..!

***

# ئاكتەری چیرۆك

دووبارە ڕۆڵی ئەشك؛
لە گۆشەی چاوم
تار دەبینم..
تار..
تار..
من و تۆ ئاكتەری چیرۆكێكین
ئەز؛
ڕێبوارێ لەخوێندا گەوزاوە و
تـۆ؛
ماشێنێك بەلەز دوور دەكەویتەوە..!

***

## وەحشیی

بووم بە وەحشیی و هیچێ پەتم ناکا
بۆ تاریکی ژێرپەتۆکان پەنا دەبەم و
خەوم نییە!
خەونی
خانمانی شاعیر و پیاوانی ونبوو دەبینم

لە بەتانیەکانەوە خوێن دەچکێ؛

بوکی بێ سەر....

بێ جەستە...

بێ زمان..

لاپەڕەکانی ژیانم؛

-کە تۆ ونت کردن-

هەمدیس دەنووسمەوە..!

***

# ژانتا دز

باسی "خۆشم دەوێیت" نییە
مەسەلەکە مۆتۆڕێکە ژانتاکەی دزیووم و
بێ کەس ماوم..
تۆ لە گیرفانی ژانتاکەما بووی
لە هەموو ژانتاکانما..
بیرم لە دز نەکردبۆوە..!

***

# شەوانی بێ نەوازش

نازانم بۆ
سەرم دەنێمە کۆشێکەوە
کە دەستێکی نییە
بیخاتە قژمەوە..!
قژم؛
کە ساڵانێکە خۆ درێژ نابێ!
تەنیا ڕەنگ دەگۆڕێ..!

***

# هەمنشینی ئاو

کە باران
تەشریف دەهێنێ
من تەنیاترم
لێ
پێیەکانم ئیتر تەنیا نین
هەمنشینی ئاون!

***

## مەحکوم

ملم
لە موو باریکترە
لێوەکانت
بە ئاسانی دەتوانن
ئابڵوقەی بدەن..

بەهانە مەهێنەرەوە؛
خۆ پیاو
سووراو بەدەمیەوە نییە..
گازێکم لێ بگرە
جێگا ددانەکانی
دیار نەبێت..!

***

## مۆخی بێ پەیوەندی

گوێم دەزریکێنێ و
ئەو شێرپەنجەیەی کە وتت
گەیشتۆتە مۆخم..

سبەی گەر؛
تاڵتاڵ قژی سەرم هەڵکەنن
ناشرین و
ژولیدە و
شێواو..
دیسان دەست لەم خیانەتە هەڵناگرم
کوا مۆخ پەیوەندیی لەتەك من چیی دەکا..؟

***

# ماچێك بە تامی خۆڵ

شیعری: مینا تیموری

## ماچمکە.. بۆ دواجار

بە شەوقێکی منداڵانەوە
سەراسیمە و تەنگەنەفەس
ئەڵێی:
کورتترین شیعرم بۆ تۆ وتووە..
سەراپا گوێم
کە دەڵێی:
ماچمکە..!

***

## نەمگوت؟

ئەڵێی:
سێوە، تەواوە
سوورە، قەبووڵە
کچێ حەوا هەر تۆی
بەڵام ئاخر،
بۆ ئەوەندە ڕەش..؟

ئەڵێم:
سەیرکە
بنچەمت نیشان دەدەم
ئەم خوێناوە دەبینی
ڕشیی سێوەکانی من
لە ژەهری ئەم خوێناوەوەیە
.....
بینیت حەق بە من بوو؟
دیسان بڵێ نەء..

***

## ئەڵقە

ئەڵقەکەت لە گیرفانتایە
ئەوەتا جێگەکەی
لەسەر پەنجەت جێ ماوە و
داغی لە دڵی مندا..!
کە خۆت ڕۆیشتی
با جێگەکەشت بڕوا..

که منیش ڕۆشتم
جێگەم خاڵیی دەبێ لە دڵتا..؟
هەر هیچنا
بۆ چەند ڕۆژێ؟
........
-حەقم نییە بەسەر ڕاست و درۆوە-
بەس مەڵێ:
نەء..!

***

## چێکلیست

ئەم کتێبانە مەخوێنەرەوە
دڵی کتێبخانەکەم پێم دەڵێ؛
هەمیشە چێکلیستی ژیانم
پارچەیەکی کەمە..!
من تا کۆتایی
(یەك) پارچە بۆشاییم هەیە
دەی دیسانیش هەر بڵێ:
نایەی..!

***

# من.. بــا.. تــۆ

بیلۆ..
هەرچیت پێخۆشە بیلۆ..
بەڵێ من حەسودم.. ئێ چییە؟
من ناتوانم.. ناتوانم ببینم (بـا)
وەها ئاشوفتە
لە کراسەکەی تۆدا
سەمای (سالسا)بکا..

***

## ماچێك بە تامی خۆڵ

نـا، تەواو
چ عەیبێکی هەیە؛
جێ پەنجەکانت لەسەر مێز..
تۆ نیت
بەڵام من هێشتا.. هێشتا هەر بەیانیان
سەرپەنجەکانت ماچ دەکەم
گەرچی دەمم
تامی خۆڵ دەگرێ..!

***

## زوبانی پێیەکانی تۆ.

سەیرە
کە لەدواتەوە دەوەستم
ئەڵێم:
دەڕوات..
کە لەبەدەمتا دەوەستم
ئەڵێم:
دێــت..

چاوت لێیە؟
زوبانی پێیەکانت بەڵەد نیم
تۆ پێم بڵێ؛
بەڵام ڕاستم پێم بڵێ..
ڕاست..!

***

## هات و نەهات ·

"هات و نەهات"
دوو کردارن کە
کە بەیەك "و" دەستی یەکیان گرتووە..
تەنانەت
لە وتنیشدا
جێیەك
بۆ "مانەوە" نییە

***

## وەرگێڕان

وەرە تەنیایی تەرجومە بکەین
من دەڵێم:
تەنیایی؛
دەستەکانی منە کە
دوو دەست دەبینێ
لە قۆڵی یەکدان..
یەکێکیان
ژن
یەکێکیان
پیاو..

ئەو خۆی لە گیرفانما دەنوقێنێت
پەنجەکانم گەرم دەکاتەوە؛
بە ئەڵقەیەکی بێ قامك لە گیرفانما
بەڵکو بیریان بچێتەوە
ئازاری گەرمی ماچ لەسەر ڕوویان
......
ئێستا تۆ بڵـــێ...

***

# کۆلانی درەخت

ئاخ لە تۆ..
ئاخ لەم کۆلانی درەختە..
هەواڵی ماڵەکەت
بەچیدا بزانم؟
ڕەنگە کە لەم کۆلانەوە تێپەڕی بێتی
دەستێکت ڕاکێشابێ بۆ جەستەیان
نیگایەکت
لە گەڵاکانیان کردبێ..

لەوەش دەچێ
پاڵت دابێت بە قەدی
خۆشبەخت ترینیانەوە
دەست دەهێنم
بە جەستەی شەقار شەقاریانا
ڕەنگە دەستم بسوتێ
قسەیان لەگەڵ دەکەم
بەڵکو یەکێکیان
بە زاری تۆ بانگم کا..

چەند بچمە پێش
حەسرەتم زیاتر دەبێ و
ئومێدم کەم
ئەوانیش نیشانەیەك نادەن
لە "تۆ"ی من

بێ ئینساف..
منت نەبینی بەدەرەك
بەس نیگایەك لەو درەختانەیا
سەرف بکە
من
بۆنی نیگاتم بەسە..!

***

## دڵۆپە

ئەبێ چاری بکەم
ئەبێ بیرێك لەم چاوانەم بکەمەوە..
ساپیتەیان دڵۆپە دەکات
وابڕوا
دڵم
ئاو دەبیا..

***

# بــا شوخی دەکات

لە دەرگا دەدا
کەچی لە پەنجەرەوە
سەردەکێشێتە ژوورەکەم..
یانی نازانێ
گوێ بە زەنگ و
چاو لەڕێی تۆم..؟!

***

# کلیل

برۆ..
له ڕۆشتنت بێ باکم
کلیلی ماڵەکه له گیرفانتدایه..
یانی..
هەر دەگەڕێیتەوه..!

***

## شۆڕمبیی

جارێ لێ گەڕێ هیچ نەڵێیین
لێ گەڕێ تەنیا لەبەرامبەرتدا دانیشم
تەنانەت دەستەکانتم ناوێ..
بیانخەرە گیرفانەکانتەوە
تا چاوم پێیان نەکەوێ..
لێوەکانیشت کۆکەرەوە
تا هەوایان نەیدا لە کەللەم..

***

بەڵام
حەقت بەسەر چاوەکانتەوە نەبێ
ئەوان بەشی منن..!
تۆش هیچ مەڵێ
لە بێ دەنگیتەوە تا خەندەت
لە نیگاتەوە تا مۆرڕەت..
تابلۆیەك نیگار بکەم
بە ڕەنگ نا
بە وشە..
وشەیە کە بە (ع) دەست پێ بکات:
"ع"عەینی عەشق
"ع"عەینی تۆ..!

***

# گەر تـــۆ نەبی

شیعری: وەحید عیمرانی

## نامە

سڵاو گوڵێ..
پیپیتەکانی سەرەتای ئەم سێ دێڕە
پێکەوە بچنە..
تا دەردم بزانی؛
عەیبی ئەم ئازارە ئەوسە؛ تا ویساڵ
شەوی بێ کۆتایی و بێ مانگ ببڕی
قاچی بێ سرووەتت هەڵنێیت هەتاکو قاف..!

***

## ڕووداو

تیاماوم..!
لە ڕوودانی دوو دەنگی پەیاپەی؛
هەڵدانی بەردێك بۆ سەر ڕووی ئاو و
ڕاکردنی ماسییەك لە قوڵڵاییا..

***

## خاڵ

خاڵی کۆتایی
بۆ شیعرێکی درێژ؛
قەلەڕەشێکە لەسەر دارکاژێک..!

***

## بــا و بی

بــا لەسەر لقەبەرزەکانی بییەکە
بۆ بێچووە قەلەڕەشێکی تەنیا؛
لای لایە دەکا..!

***

باران

باران كە دەباریٚ
كات و شویٚن پیٚكەوە لە ئامیٚز دەگریٚ
لە سەفەری تەمومژاوی ئەم كەشەدا
كیٚ چوزانیٚ؛
كە دلۆپەكانی ئەم بارانە..
هەركامیان
كەی و
لە كامە دەریـاوە
هاتـوون...؟!
نهێنییەكە بۆ خۆی
بارانیش..!

***

## گەر تۆ نەبی

کۆلان؛ پیاسە و
مانگ؛ شەو و
ڕۆیشتن؛ گەڕانەوە و
ماسی؛ دەریا و
نابینا؛ بێدەنگی و
جەنگەڵ؛ درەخت و

من؛

تــۆ..

مانامان دەدەیتێ..

گەر تۆ نەبی؛

پەڕەیەکی سپییم

چاولەڕێی بارینی پەیڤت

ومنەوز دەدەم و خەو دەماتەوە..

گەر تۆ نەبی؛
کتومت عەدەمێ حازرە لەسەرم
ئەم چارەنووسەم دەمبا..!
لە تویێی هەزار لۆچی ئەزلدا
لە توناوتونی نادیاری ئەبەددا
وەك ئەوەی هەر نەبووبێتم..!

***

### ئێمە مەحكومین

کێ جواب بە ئازارەکانمان دەداتەوە
ئەی ڕەنجمان..؟
نازانم گەر عەشق نەبایە
ئەوکاتە ژیانمان چۆن ڕادەکێشا
خۆ ئێمە مەحكومین بە بوون..!؟

***

## بۆ دڵم؟

گەر بە دەمارەکانمدا نارۆی..
ئەی بۆ دڵم
هەفتا جار لە دەقیقەیەکدا
ناوت دەهێنی..؟!

***

## زەمەن

زەمەن لەسەر پەندۆڵی کاتژمێرەکە دانیشتووە
بێ سرەوت دەخولێتەوە..
نازانم ئەم منداڵە لاسارە
تا ئەبەد خەریکی ئەم یارییە دەبێ..؟

***

## من باشم

من باشم.. زۆر باشم
شەوە و
مانگ پڕە و
دەریا هەڵدەکشێ..
دەریای خوێنی دڵی منە کەوتۆتە جەزبە
ڕۆحم دەیەوێ بۆ سەرێ هەڵشاخێ

***

# دەستەکانت

دەستەکانت
دوو لاولاوی ناسکن
کە عەشقەئاسا
بە باڵامدا هەڵدەگەڕێن و
دەمشارنەوە..
ئێستا ئیتر
هیچ لە من نەماوەتەوە
ئەوەی هەیت تەنیا تۆیت..!

***

# ددانپیێدانەکانی ڕێبوار سیوەیلی

شیعری: ڕێبوار سیوەیلی

١

باشترین ستایشی پیاو

بۆ ژن

ئایەتی ئاوێزانبوونە..!

٢

تەنانەت

ئەگەر هیچ بەهانەیەك نەبێت بۆ مەستیی..

دەبێ هەوڵبدەین لە ستایشکردنی ژن و

جوانییەکەیدا؛

قوم..

قوم..

هەڵدەین..

تا زمان؛

لە باری توندوتیژی

ڕزگاری بێت..!

## ٣

دەبێ جەستەی ژن بکەینە پەرستگا

تا لەهەر سوژدەیەکی چێژدا،

پەی دەرپەی ماچی کەین و

چێژی دەستبازیش

بگاتە:

لوتکە..!

٤

لەگەڵ تۆدا تا هەر خۆشییەك ڕۆیشتم
تا ئیتر گومان نەکەم
غوربەت،
ڕۆحمی دزیوە..!

## ٥

دەبێ ئەو دارستانەت لەیادبێ
کە بەپاسکیلەوە
پیاسەمان تیادەکرد و
هەر کاتێکیش
مەیلی ئاوێزانبوون
لەودیو بۆتەی نیگاکانمانەوە
سەرەتاتکێی دەکرد
بەئەندازەی چێژێك دەمردین..!

## ٦

نیگا،
کە زمانی هاوبەشی ئێمە بوو
بەبارتەقای جیابوونەوەیەك بووە سەراب،
تا ئەوپەڕیشی
خاڵی..!

## ٧

پێش ئەوەی بڕۆی،
داهاتووم لێرەبوو
خۆشم،
لەگەڵ تۆ..!

## ٨

سەرەنجام هێندە تەنیا ببووم
کە تەنیا نیشانەی ئاوەدانی ئەم ژوورە؛
دەنگی بەجێماوی تۆ بوو
لە سەماعەی تەلەفۆندا
منیش ئەوەندە سووتا بووم،
بۆم نەدەدۆزرایەوە،
گەرووی وەڵامدانەوە..!

٩

هێندە خۆشم دەویستی
تا سرتەی ناوت
لە لێومەوە سەری دەکرد و
شیعرمی پڕ کرد..!

هەموو کتێبە نوێیەکان تەنها لە پەیجی کتێبی PDF لە فەیسبووک

لایکی پەیجەکەمان بکەو نوێترین کتێب بێ بەرامبەر داونلۆد بکەن

## ١٠

ئـــاو دەپۆشم و
لە چاوەڕوانیی خۆردا
پەنا بۆ تـــۆ دەهێنم..
چ بوونێکی پڕ چێژە،
لەسەر پێستت،
دووبارە بوونەوە بە هەڵم..!

١١

دەتگوت جەستەت بۆنی بایامی لێدێت!
منیش درەختێکم دەهێنایەوە یاد؛
گەڵاکانی وەك پێستی تۆ ناسك و
لقەکانیشی
لە ڕەنگی چاوەکانت..!

## ١٢

عەشق مناڵیی من بوو
کاتێ سەرت دەخستە سەرسنگم و
پەنجە ناسکەکانت
لە مووەکانمدا دەگێڕان؛
ختووکەی دڵمت دەدا..
منیش گوێم ڕادێرابوو
بۆ دەنگی جاویدانەی:
خۆشمدەوێی..!

١٣

هەموو جارێ
پێش ئەوەی بێی،
ماڵەکەم دەڕازاندەوە و
تەنیاییم دەسڕییەوە
لە شتەکان
سەراپای بوونیشم
پڕدەبوو لە ژیـــــان..!

## ١٤

ژیانی ئێمە؛
کە بەقەد ژووری بچوك
من و تۆش؛
کە بەگەورەیی باوەشێك بوین،
سەراپای شتی ماڵەکەشمان
کە لە ژانتایەکدا جێی دەبووەوە..
دوای فیراق
جیهانمان پڕ کرد:

من و تــۆ
هەرکەسەمان بۆ وڵاتێك
سەرمان هەڵگرت
کاتی هەراج
هەر شتێکیان بۆ ماڵێك برد و
من و تۆش
تەنیا ماینەوە..!

## ١٥

به خێرایی جیابوونەوە
خۆت لە دەستی من سەندەوە..
لە ناکاو بینیم،
لەتاو برینداریی
هەڵوەشام،
بێجگە
لە نووزەی ژێر وێرانییەکانی جەستە
هیچم بۆ نەمایەوە..
بەخێرایی جیابوونەوە
نامۆبووم لە خۆم..!

١٦

ئەوکاتەی فیراق،
بەخێرایی هەورەتریشقە لێیدام
دەمزانی هیچ خودایەك
نقەی هیچ سورەتێکم نابیستێ
تازە لە زومرەی سووتاوەکان بووم..!

www.fb.com/PDFkurd

## ١٧

فیراق؛
شەهیدانە تەنیای خستین و
هەردووکمان
دایکانە
بۆ یەکتر گریاین..
ئێستاش لە ئێمە؛
تەنها دوو گۆڕ ماوەتەوە:
کە من لە هەردووکیاندا خەتووم...!

## ١٨

پەرداخە ڕەنگاوڕەنگەکەت
هێشتا لێرەیە و
بێدەنگییەکی تاڵ
ڕۆحە شوشەییەکەی
پڕکردووە لە چاوەڕوانی..!

## ١٩

ئیتر دانانیشم
لە کەنار ئەو سفرە بچووکەیا
کە پڕدێکمان لە ماچ
بەسەردا ڕایەڵ کردبوو؛
تا چێژی پێکەوەبوون
بەسەریا ڕابووری..
ئەمێستا نیگام؛
لەوسەرەوە بەر"هیچ" دەکەوێ و
چێژی چەقینە ناوخرۆشانی
یادوەرییەکان،
کون دەکا..!

## ٢٠

ئاسانە سڕینەوەی ناوت
لە هاردی کۆمپیتەر و
خاڵیکردنەوەی ئەلبوم لە وێنەکانت و
ناردنەوەی نامەکان بۆ هەمان ناونیشان..
بەڵام،
چی بکەم:
لە یادوەری خۆم و
تەنیایی ئەم ژوورە و
دەریچەی ئەم ماڵە،
کە پیاسەڕێی نامەکانت بوو..؟!

## ٢١

هیچ کاتێ سیمای سامناکی کۆپنهاگن و
تاڵی شەوانی تاراوگە
بەقەد ئەو دەمە سەخت نەبوون
کە من دڵشکاو
لە چرپاکەمان
هاتمە خوارێ و
لەسەر عەردی ژورەکە
وەك مەلێکی پێککراو..
لەسەر جادەی مەرگ،
تەنیا کەوتم..!

## ٢٢

ئەو ڕۆژە بسپێرە بە یادەوەریی:
کە لەدارستانەکەیا
هەستمان کرد؛
دەبێ
هەر لەوێ ڕوتبینەوە و
نەمامی ئاوێزانبوونێك بچێنین..!

## ٢٣

فەرموت:

کە دەبێ بڕۆم و

لەگەڵ خۆمی بەرم کتێب و جلەکانم

..............

ئاهـ...

نازانی

چەند دەسبەتاڵ گەڕامەوە...!

## ٢٤

ئەم ژوورە؛
کە باخی ئاوێزانبوونەکانمان بوو
لە پەنجە گوناهکارەکانمانەوە
داهاتوو دزەی دەکرد..
ئەمێستا؛
توولە ڕێیەکە،
دڵۆپی ئەشکی پڕ بێدەنگییش
پیایدا ڕانابووری
مەرگیش،
لەسەر لێواری پەنجەرەکەی نیشتووە..!

## ٢٥

ڕەنگە لە جێگایەکی زۆر دوورەوە
نامەیەکت بۆ بنوسم:
کە ئێستاش لە یادما زیندویت و
گەرمیی قاچە بچووکەکانیشت
هەست پێ دەکەم،
کە هێندە بە دەستەکانم ئاشنابوون..!

## ٢٦

تا هەمووان باوەڕ بەدڵپاکی ئەو بێنن
پیاوێك، کە هەمیشە خۆی بوو
لەم شارە غەمگینەیا؛
تەنیا و سەبوور
خودایانە
سەفەر دەکا،
سەرەنجامیش:
"لم یلد ولم یولد
ولم یکن له کفو احد"

## ٢٧

نازەنین؛ وێنەکانت
وەك چۆن گوتت، لەتوپەت کران..
ئەگەرچی نازانی ئێستاش
نیگامیان لەچوارچێوە گرتووە:
دیمەنیان..!

ئێستاش،
کە دەرگای حەمامەکە دەکەمەوە؛
دەنگی گۆرانیەکانت
لەژێر دوشەکەدا دەبیستم و
کەسکتر دەبێ بەهەر دڵۆپێک؛
نەمامی بوونم..
تۆ ئێستاش بۆ ڕۆحی بێ سنووری من:
..............................
.............................
.....................
............
.........
...
..
.
.
.
بارانی...!

تەلەفۆنەکەم دانا؛
"هیچ"بە هانامەوە هات،
پڕ بەدڵیشم تەنیایی..
قاچەکانم سارد بوونەوە
لەو بێدەنگییە سامناکەدا
گوێم لێبوو:
ئیدی تۆ ناتەوێ هەبیت
ئیتر.. نیت..!

* ئەم شیعرانەی ڕێبوار سیوەیلی لە بنەڕەتدا بە فارسی نووسراوە و جێگابوونەوەشی لەم کتێبەدا، تەنها وەک کارێکی وەرگێڕانە.

# باڵندەیەك كە نییە

شیعری: ڕەزا عەلی پور

به کورتی...:

لەو کاتەوەی ڕۆیشتووی

سپێدەی هەموو ڕۆژێك

درەخت

دەڕوا بۆ شێتخانە

بـا

لەسەر قادرمە کۆنکرێتەکان

هاتنت ڕا چیچکە دەکا

زۆر جێی داخە؛

پێخەف و چەرچەفی ماڵەکە

کەوتوونەتە سەرجادە..

چرپا.. قەنەفە و حەمامەکە
یەك بە دوای یەك
دەستیان دایە خۆکوشتن
پەنجەرەکە..؟
یەکەم ڕۆژ دیقی کرد..
من؟
دەمبینی وەك سەگ نـا
وەکو شاعیر درۆ دەکەم..!

***

لەگەڵ خۆما حەرفم نییە
لارەولار
ئاڵف نووستووم و
لە ژێر کڵاوەکەما ماندوێتی دەژیم
دیسان قسەیەکی باش ناچێ بە سەرمدا

ئەسپانێك دەژمێرم كە نین
ئەوان ئەسپیان برد و
قاڵاویان ناشت
جاربەجار لەدەوروبەری دونیا لادەدەم
ئەمەوێ لەژێر كڵاوەكەما
لە پەیڤا
لە ئاڵفا،
نەء
بە شەكەتی، قاڵاو دەڕۆم..!

***

عەسران
لەگەڵ هاوژوورەکەم
هێلکەوڕۆن ساز دەکەم و
کەوانە کرایەوە،
باوێشك دەدەم
بەیانیان
لەگەڵ "سێ/و"
دەچمە سەر کارێك کە نیمە..

شەو
تۆ
لە خۆمدا ڕائەهێنم
دیسان
کەوانە کرایەوە..
خۆزیا بهاتبای
تا عەسر
دابەشی دوو و
"سێ/و"
دابەشی تۆ و
ئەم کەوانە نەفەرەتییە
بۆ هەمیشە.. هەمیشە
دائەخرا

***

ئاسمان؛
بە دوو بەشی نایەکسان دابەش دەکەن:
نیوەی بۆ باڵندەکان
نیوەکەی تریشی
بۆ قاووقژی باڵندەکان

***

زەوی کەوانەی قایمتری پێویستە

***

چەمەنزار،
من و
باڵندەیەك كە نییە
هەرسێكمان
بە دەنگی خامۆشی تراكتۆر
گوێ دەدەین..!

***

پایز،
خودی پایز
نەك وەرزەكەی
بۆ تیمارستان دەبا؛
دڵی من..!

***

ئەوە کێ "هەینیی" هەڵکەندووە
تا بە تۆ نەگەم..؟

* ئەم شیعرانەی ڕەزا عەلی پور لە بنەڕەتدا بە فارسی نووسراوە و جێگابوونەوەشییان لەم کتێبەدا، تەنها وەک کارێکی وەرگێڕانە.

# چەند تێکستێکی کورتی

براتیگان

* ڕیچارد براتیگان ١٩٣٥-١٩٨٤ نوسەر و شاعیرێکی ئەمریکاییە و بە یەکێک لە پێشڕەوەکانی ئەدەبیاتی پۆستمۆدێرن لە دونیادا دەژمێردرێت. پاش نوسینی دوا ڕۆمانی چەند ڕۆژێک ون دەبێت، کە دەرگای ژوورەکەی لەسەر دەشکێنن، دەبینن؛ بە دیار قاپێک شەرابەوە بە تفەنگ خۆی کوشتووە، ئەمە نمونەی چەند شیعرێکی کورتێتی:

# تارمایی ماچ

هیچ جەهەنەمێك
خراپتر نییە
لە یادەوەریی بەردەوامی
ماچێك
كە
نەكراوە..!

***

## کرمەکان مێشکم دەخۆن

کرمەکان
مێشکێك
دەخۆن
کە هەست دەکات و
نیگەران بووە و
نووسیویەتی
ئەم شیعرانە..
لێگەڕێ کرمەکان
ئەوە بکەن
ئەوان
تەنیا یەکجار
دەژین..!

***

## مێشێکی دیل لە تەونی جاڵجاڵۆکەیا

پیاوێک
دەناسم
کە دەیەوێت بە شێرپەنجە بمرێ..
ئەو؛
سەبرێکی هەیە بە ئەندازەی
مێشێکی دیل لە تەونی جاڵجاڵۆکەیا..
کاتێ مرد
پرسی
"سەعات چەندە؟"

***

## هیچی تازە نییە

لە ژێر ئەم خۆرەدا؛
هیچ شتێکی تازە نییە..
بە
مــن
و
تـــۆشەوە..!

***

## کچی ئەبەدیی

ڕۆحم دا بە کچێك
سەیرێکی کرد؛
بزەیەك گرتی و
خستییە
زێرابێکەوە..!
خوایە!
بەڕێکەوت
دەرسی هەبوو..!

***

## پێکەوە

کە سواری پاسەکە بووم
زۆرم بیر لێ دەکردیتەوە؛
٣٠ سەنت کرێم دا و
وتم دوو نەفەر
بیرم چوو
بەتەنیام..!

***

## عاشقانه

چەند خۆشە
کە بەیانییەك؛
بە تەنیا هەستی و
ناچار نەبی
بەکەس بڵێی
خۆشم دەوێی
کە
خۆشت ناوێ ئیتر..!

***

## شیعری جوان

له لۆس ئەنجلس
بە یادی تۆ وە
ئەچمە جێگا..
تۆزێ لەمەوپێش
کە میزم کرد؛
بە میهرەوە لە 'چۆک'م ئەڕوانی
ئەوەی ئەمرۆ دووجار
لە تۆدا بووە؛
هەستێکی خۆشی
دەدا
بە
من...!

***

## له كۆتاییدا

ئەم ژیانە وەك نەخۆشخانەیەك وایە، كە لەوێ هەر نەخۆشێك دەیەوێ قەرەوێڵەكەی بگۆڕێ؛ یەكێك دەیەوێ لە بەرامبەر زۆپاكەدا ئازارەكانی بكێشێ و یەكێكی تر گومان دەبا؛ كە لە تەنیشت پەنجەرەكەوە شیفای بۆ دێ.. بەڵام من دەزانم؛ هەمیشە لەو جێیە خۆشبەخت دەبم، كە لێی نیم..!

***



# Sound of Water Footsteps and a Kiss with the Taste of Dust

## Poetry Collection

Translated by:
Twana Amin

www.fb.com/PDFkurd

like on Facebook

www.fb.com/PDF kurd

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان
لەسەر ئەرکی (د. تەها ڕەسوڵ) چاپکراوە